# پاریا

## ئاوگوست ستریندبێرگ

# پاریا

## فەرهاد شـاکەلی

لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و پێشەکیی بۆ نووسیوە

† – U ˘ u




- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
ت (٢٩٩٩٢)
- کتێبی ژمارە:«٢٦»
- کتێب: پاریا
- نووسینی: ئاوگوست ستریندبێرگ
«١٨٤٩ – ١٩١٢»
- وەرگێڕانی: فەرهاد شاکەلی
- دەرهێنانی هونەری: قاسم قادر
- بەرگ:
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن «٣٨»ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر

## من خاوەنی تیژترین بیر نیم ــ بەڵام ئاگر؛ ئاگرەکەی من گەورەترین ئاگرە لە سوێددا

من هەرچییەک بنووسم لە بارەی گەورەیی و بەهرەی هونەرمەندانەی ئاوگوست ستریندبێرگەوە ناتوانم بە تەواوی بایەخ و جێگەی ئەو لە ئەدەبییاتی سوێدیدا دیاری بکەم. ئەمە تەنیا بە کەسێک دەکرێت کە خۆی بەشێک بێت لە فەرهەنگ و ژیانی فەرهەنگیی سوێد و نەک تەنیا بە هۆی زانیارییەوە لە ستریندبێرگ تێ بگات، بەڵکە بە هەست و نەست و بە ڕۆح بیناسێت و چێژی لێ وەربگرێت. دەبێ کەسێکی وا بێت (میزاجێکی تێکنەچووی سوێدەواری)ی هەبێت.

سوێدییەکان نەتەوەیەکی بچکۆلەن و وڵاتەکەشیان چ لەڕووی جیۆگرافی و چ لەڕووی سامانی سرشتییەوە بایەخێکی زۆری نییە. بەڵام ڕێژەی بەشداریی سوێدییەکان لە ژیانی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسیی دنیای ئەمڕۆدا، زۆر لە قەوارەی خۆیان و وڵاتەکەیان زیاترە. جێدەستی ئەوان بە ژیانی شارستانێتییەوە لە زۆر بواردا دەبینرێت و کاریگەرە. هەر ئەمەشە وای کردووە کە هەستی نەتەوەپەرستی، یا نیشتمانپەروەری، هەستی خۆ بە سوێدی زانین و شانازی پێوەکردنی لای مرۆڤی سوێدی، لە پلەیەکی یەکجار بەرزدایە. هەندێ جار ئەم



هەستە دەگاتە ڕادەی لە خۆباییبوون و ڕەگەزپەرستییش. دیارە تەنیا سوێدییەکان بە تایبەت وا نین، مرۆڤی زۆر گەلی دیکەش هەر بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە و ڕەوتار دەکەن.

بۆ چەسپاندنی هەستێکی وەها، گەلان، لە مێژووی کۆن و تازەی خۆیاندا، لە بوارە جۆربەجۆرەکانی سیاسی و فەرهەنگی و زۆری دیکەشدا، هەمیشە بە دوای نیشانەیەکدا، بە دوای سیمبۆلێکدا دەگەڕێن، بیکەنە بناخەیەک بۆ ئەوەی هیوا و ئامانجەکانی ئەمڕۆیانی لەسەر هەڵچنن، بیکەنە دەرسێک نەوەکانی ئەمڕۆیانی پێ پەروەردە بکەن و بیکەنە سەرچاوەیەک بۆ بە گەرمی هێشتنەوەی کوانووی بەهرە و توانست و داهێنان. ئاوگوست ستریندبێرگ یەکێکە لەو نیشانانەی کە سوێدییەکان زۆر بە توندی دەستیان پێوە گرتووە و زۆر بە دڵگەرمی دەیپارێزن و مەودا جۆربەجۆرەکانی کەسایەتی و ژیانی پێشکەش دەکەن.

ئەم بەکارهێنانەی نیشانەکان، لێرەدا ستریندبێرگ دەگرێتەوە، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئەرک و ئەو ڕۆڵە سیاسی و نەتەوایەتییەوە کە بۆی تەرخان دەکرێن. واتە ئەمە پێویستییەکانی ڕۆژە کە دەکرێنە پێوەر بۆ نرخاندنی، یا بۆ نرخاندنەوەی، مێژوو. بەم شێوەیە مێژوو زیندوو دەکرێتەوە، بەڵام نەک بۆ پێشاندانی وەک تۆمارێکی ڕابوردووی نەتەوەیەک و وڵاتێک و باوەڕێک، بەڵکە بۆ سوود لێ وەرگرتنی وەک پاڵپشتێکی مەعنەوی، وەک سەنگەرێک و وەک

ئالآیەک. ئەمە تەرجەمەکردنێکی تازەی ڕابردووە بە وشە و زاراوەکانی ئێستا. لێرەشدا تەنیا سوێدییەکان بە تایبەت وا نین.

ستریندبێرگ هەتا لە ژیاندا بوو، چەند ساڵێکی کەمی پێش مردنەکەی لێ دەرچێت، لە لایەن کۆمەڵگایەکەی خۆیەوە، بووبووە ئامانجی تیر و تانە و تەشەر. خەڵکێکی زۆر هەبوون کە بە زۆر شێوە بە دوایەوە بوون و ڕاویان دەنا. هەر نەبێت ئەو خۆی وای هەست دەکرد. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە سوێد بە جێ بهێڵێت و لە وڵاتانی دیکە نیشتەجێ ببێت. ئەم شێوەژیانە و ئەم گوشارە سایکۆلۆگییە قورسە لە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ستریندبێرگدا ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوە یا خوێنەر لە بەرهەمەکانی ستریندبێرگ تێ بگات، دەبێ ئاشنای ئەو پاشخانە بێت و ئەو دەزووەی بەرهەمەکانی پێوە دەبەستێتەوە بدۆزێتەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ هونەرەکەی ستریندبێرگدا، ئەوەیە کە لە سەردەمەکەشی تێ بگەین، بە تایبەتیش لە مەودای هونەرمەندانە و ئەورووپییانەی ئەو سەردەمەی ئەو تێدا ژیاوە. ستریندبێرگ وەک خوێنەوار و ڕووناکبیرێک و وەک هونەرمەندێکی گەورەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەشێک بوو لە سیستەمی فەلسەفە و هونەر و داهێنانی ئەو کاتەی ئەورووپا. بە هۆشیارییەوە لە تەوژمە هونەری و فکرییەکان نزیک دەبووەوە و نرخە مرۆڤایەتی و ئێستێتیکییەکانی



وەردەگرت و لە بۆتەی داهێنانێکی پڕشتداردا بە کاری دەهێنان و دەینواندن.

ژیانی تایبەت، ژیانی شەخسیی ستریندبێرگ، لە شکڵپێدانی هەڵوێست و بیروباوەڕ و بەرهەمەکانیدا نەخشێکی یەکجار گرنگی هەیە. بنەچەی کۆمەڵایەتی، هەلومەرجی ناوکۆی خێزانەکەی، ژنهێنان و تەڵاقدانەکانی، ئەفەرۆزکرانی لە لایەن بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی فەرهەنگیی سوێدەوە و وەتاککەوتنی، ئەمانە هەموو هۆکاری بنچینەیی و گرانن و دەکرێت لە بەرهەمەکانیدا بناسرێنەوە شۆپیان بدۆزرێتەوە.

ژیانی هیچ نووسەرێکی سوێدی هێندەی ژیانی ستریندبێرگ ئاواڵە و فراوان نەخراوتە بەردەم خەڵکی. ئەو بێجگە لەوەی کە ناخی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەربڕیوە، بەشی هەرە زۆری ژیانی خۆیشی لە کۆمەڵە بەرهەمێکدا وەسف کردووە کە بە هەموویانەوە ژینامەیەک پێک دەهێنن کە لە ئەدەبی سوێدیدا نموونەی نییە و لە ئەدەبی ئەورووپاشدا وێنەی کەمە: ***کوڕی کارەکەر، وتاری بەرگریی شێتێک، چیرۆکەکانی وەستای کەرەنتین، دۆزەخ، ئەفسانە و تاک و تەنیا.***

تەنانەت لە نووسینی بیرەوەرییەکانیشیدا ستریندبێرگ هەر شاعیرە. ئەگەرچی ئەو ڕووداوەکانی ژیان دەگێڕێتەوە و بچووکترین شتیش تۆمار دەکات، بەڵام دیسانیش ئەو وێنەیەی لە بارەی

سەردەمێکی ڕابوردووی ژیانیەوە پێشکەشی دەکات، دەربڕی هەڵوێستی ڕووناکبیرانە و هونەرمەندانەی ئەو کاتەیەتی. "کوڕی کارەکەر" سەر بە چینێکی هەژار نەبوو. باوکی، کە فرۆشیاری بەهارات و کارمەندێکی کەشتیی هەڵم بوو، کارەکەرەکەی خۆی هێنا، کە کچی وەستایەکی جلدرووی خەڵکی سوێدەرتێلیە بوو. ئاوگوست ڕۆژی **٢٢**ی کانوونی دووەمی **١٨٤٩** لە دایک بوو.

کەواتە ستریندبێرگ لە ماڵێکی وردەشارستانیدا هاتۆتە دنیاوە، لەبەر ئەوەش بە ئاسانی دەکرێ سرشتی جۆربەجۆری وردەشارستانانەی لە لا بدۆزرێتەوە: لە ئەوپەڕی ژیانی بۆهێمیدا هەستی وردی ڕێکوپێکی، هەر لە تەمەنێکی کاڵەوە خۆشەویستیی ژیان و ماڵێکی پڕ لە ئاسایش و گەرم و نەرم، و هەستی بەهێزی خێزانداری و چەوساندنەوەی باوکسالارانە.

میراتێکی دیکەی قورستر و گرنگتر ئایین بوو. باوکی، کە مرۆیەکی ڕەق و بێهەست بوو، کڵێساخوازێکی نەریتانە بوو، بەڵام دایکی کە هەر زوو مرد، و لەویش زیاتر باوەژنەکەی کە زۆری ڕق لێ بوو، سێبەرێکی خەست و تاریکی خواپەرستییان کێشابوو بەسەر ماڵەکەدا، کە لە ژیانی ستریندبێرگدا لە سڕینەوە نەدەهات. ئەو دژ بەمە ڕاپەڕی؛ بە دوای شێوەی نەرمتری مەسیحییەتدا گەڕا، دواتر لە ئایین دوور کەوتەوە، بەڵام بێسوود بوو، چونکە باوەڕی سالانی منداڵی لە هەموو گومانێک بەهێزتر بوو. ئەو (دەستەڵات)انەی لە



قەیرانی (دۆزەخ)دا داگیریان کردووە، هیچ گومانی تێدا نییە کە نموونەیەکن لەو خودا ڕەقە ـ و لەو باوکە ڕەقە ـ ی لە تەمەنی منداڵی و ڕەواڵیدا لێیان دەترسا. ئەگەر لە هەموو ژیانیشیدا یاخی بووبێت، بەڵام یاخییەک بووە بە ویژدانێکی برینداره‌وە. ئەو خۆ لە دەستەڵات ڕزگارکردنەی کە بۆ ئەو و بۆ هەموو سەردەمەکەی ڕۆڵێکی بڕیاردەرانەی هەبوو، لە گرنگترین مەیداندا، لە مەیدانی ئاییندا، شکستی هێنا.

لە سەرەتادا، هەرچۆنێک بێت، یاخیبوونەکەی سەرکەوت. ئەوەی ستریندبێرگی لاو و دڵناسک و تووڕە دەیویست، ئەوە بوو لە هەلومەرجی گوشارهێنەری خێزانەکەی دوور بکەوێتەوە و ڕێگەی خۆی لە ژیاندا بدۆزێتەوە و ژیانبینییەکی سەربەخۆ دروست بکات. ئەندامانی خێزانەکەیان زۆر بوون و خۆیشیان، هەر نەبێ لە سەرەتاوە، دەستکورت بوون. خوێندنەکەی لە زانستگەی ئوپسالا (١٨٦٧، ١٨٧٠-٧٢) نەیگەیاندە ئەوەی بەڵگەنامەی تەواوکردن وەربگرێت؛ هەموو هەوڵدانێکی بۆ ئەوەی ببێتە ئەکتەر بێئەنجام بوو. ئەو پارەیەش کە کارڵ شای دوازدەیەم وەک خەڵاتێک لەبەر پێشاندانی یەکەم شانۆنامەی ـ **لە ڕۆما** (١٨٧٠) ـ بۆی بڕیبووەوە، دوای مردنی پاشا، ئەوەشیان بڕی. تەنیا چارەیەک کە بۆی مابووەوە ئەوە بوو ببێتە ڕۆژنامەوان، ئەگەرچی ئەو دەمە داهاتی ڕۆژنامەوانی یەکجار کەم بوو. لەم ساڵە پڕ مەینەتییانەدا بوو کە (*وەستا ئولۆف*)ی نووسی

(١٨٧٢).

یەکەمین شاکاری درامیی ستریندبێرگ ئەو بزوێنەرە ئیدیال و هونەرمەندانە جیاوازانەی دەردەخست کە لەو ڕۆژگارەدا گیانی ئەویان داگیر کردبوو. ناوەڕۆکە مێژووییەکە خۆی ڕووی لە ڕابوردوو بوو، لە شانۆی ڕۆمانتیکی شەکسپیر و شیللەرئاسا. بابەتی بنەڕەت، ڕاپەڕینی لاوێکی بیرپەرست دژی درۆ چەسپیوەکان، هەر ئەو شتە بوو کە لە ئامۆژگارییەکانی کیرکەگۆرد و (ئاگر)ی ئیبسندا هەبوو، ئەمانە هەردوو کارێکی بەهێزیان کردبووە سەر ستریندبێرگی لاوی یاخی. بەڵام گەورەییی بایرۆن و ڤیکتۆر هوگۆیش بێ کارکرد نەبوو. لە دوا داڕشتنی کارەکەدا واقیع بەسەر ئایدیالدا سەردەکەوێت. (وەستا ئولۆف) نەک تەنیا یەکەمین کاری گەورەی نووسەرە، بەڵکە یەکەمین درامی سوێدییشە کە بەردەوام دەژی. شانۆی سوێدی لە هەموو سەدەی نۆزدەیەمدا گەشەی کردبوو، بەڵام ئەو کارە خۆماڵییانەی پێشان دەدران لەبەر گەلێ هۆی نائەدەبی مابوونەوە، چونکە پڕ بوون لە تراجیدیی مێژوویی، هەستی ئایدیال و نیشتمانپەروەرانە، درامای خێزانی بۆرژوازییانە و کۆمیدی. شانۆنووسانی ئەو سەردەمە دەبوو بەهرەکەیان کەمتر شاعیرانە بووایە و هۆشێکی زیاتریان بۆ شتی درامی، بۆ تەکنیکی نواندن و داڕشتنی گوتوبێژ هەبووایە. ئەمانە هەموو لای ستریندبێرگ هەبوون، لە لایەکەوە هەر خۆڕسک ژیانی وەک شەڕی دەستەلات، وەک درامایەک



دەبینی، و لە لایەکی دیکەشەوە لە سەگەسەگەی ساڵانی کاری ئەکتەریدا وە دەستی هێنابوون. توانستی ستریندبێرگ لە بەکارهێنانی شانۆدا گەیاندییە ڕیزی شانۆنووسە گەورەکانی ئەوروپا، یەکێکی وەک شەکسپیر، مۆلیێر یا ئیبسن. شانۆنامەیەکی ستریندبێرگ تەنیا کارێکی ئەدەبی نییە و تەنیا بۆ ئەوە نییە بخوێنرێتەوە، دەبێ پێشان بدرێت، ببینرێت، ئازمایشت بکرێت.

**وەستا ئولۆف** بۆ شانۆی ئەو سەردەمەی سوێد بۆ نواندن نەدەشیا، چونکە، شەکسپیرئاسا، ئازادانە و نانەریتانە لەگەڵ کەسەکانی مێژوودا هەڵسوکەوتی کردبوو، کردبوونی بە خەڵکی سەردەم. شانۆخانەکانی وڵات هەموویان دەستیان نا بە ڕووی گەورەترین شانۆنووسی سوێدەوە. یەکەم جار ساڵی ١٨٨١ بوو کە وەستا ئولۆف لە تیاتری نوێ لە ستۆکهۆڵم پێشان درا، ئەگەرچی ستریندبێرگ چەند جارێکیش دەستکاریی کردبوو.

ساڵی ١٨٧٤ ستریندبێرگ لە کتێبخانەی پاشایانە کارێکی بچکۆلەی دەست کەوتبوو. لێرە کاتی ئەوەی هەبوو مێژوو بخوێنێتەوە و لێی بکۆڵێتەوە. بەرهەمی ئەمەش کارێکی گەورە و ناشییانە، بەڵام گرنگ بوو: *گەلی سوێد* (١٨٨١-٨٢) کە یەکەمین مێژووی فەرهەنگیی سوێد بوو. سێ ساڵ لەوەوپاش ئەو ژنەی هێنا کە بوو بە یەکەمین و گەورەترین ئەوینی، کە قووڵترین بەختیاری و تاڵترین ئازاری پێ بەخشی: (سیرین فۆن ئێسسەن)ی فینلاندی.

هەر لە سالانی خوێندکارییەوە لە ئوپسالا، ستریندبێرگ وەک پەخشاننووسێک خۆی تاقی کردبووەوە؛ حەکایەتی ***جۆگەلەی بۆگسڤێگ*** (١٨٧٢) چرنووکی شێر پێشان دەدات. وەک ڕۆژنامەنووسیش دەبوو بەهرەی سەرنجدانی خۆی ئاودێری بکات و شێوازی نووسینی پەروەردە بکات. چیرۆکەکانی ئوپسالا، ***دەفر و جۆگەرەش*** (١٨٧٧) پێشاندەری بەدگومانیی نووسەری لاون بەرانبەر ڕۆمانتیکی خوێندکارانە و ئایدیالیزمی جوانکیلە؛ هەر لەوساوە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و هەستی واقیعناسی فەرق پێ دەکرێت، کە ***ژووری سوور*** (١٨٧٩) دەکەنە یەکەمین ڕۆمانی نوێباوی سوێدی.

***ژووری سوور*** هەجوێکی کۆمەڵایەتییە، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر شێوازی کاریکاتوورانەی چارلز دیکنز، لە لایەن نووسەرێکی لاوی توورە و بێهومێدەوە، کە خۆی دەردی ئەو بۆگەنییەی کێشاوە کە ڕیسوای دەکات، بۆگەنیی دەستگای کارگێڕی و جیهانی بازرگانی، هەروەهاش بۆگەنیی کۆمەڵە ئەدەبی و هونەرییەکان، بێ ئەوەی بەهرەی گاڵتەکردنی لە دەست دابێت. شێوازی ستریندبێرگ هێندە بەهێز بوو، کە نموونەی لە ئەدەبی سوێدیدا نەبینرابوو. زۆر وردبینانە سەرنجی هەموو شتەکانی دەدا و بە زمانێکی پڕ لە وێنە و ڕەنگ و شتی کتوپڕ دایدەڕشتن. ڕاستەوڕاست دەچووە سەر باسەکان و هەموو ئەو ڕووالەتە جوانکار و ناشیرینکارانەی دەنایە لاوە کە سەردەمی ڕۆمانتیک بە میرات بە جێی هێشتبوون. کە پێویست بووایە سەخت



و تیژ و گاڵتەبێژ بوو. ئەمە شێوازێک بوو کە تا ئەمڕۆیش ژیان و بزووتنەوەی لێ هەڵدەقوڵێ و کارێکی گشتلایەنەی کردە سەر سەردەمەکە. هەر ئەوەیش بوو ستریندبێرگی کردە خولقێنەری پەخشانی نوێی سوێدی.

ستریندبێرگ نەیدەویست بێدەنگ بمێنێتەوە و لە بێدەنگیدا بتاسێنرێت. ئەم دەرزەی لە ڤۆلتێرەوە وەرگرتبوو. ئەگەرچی **ژووری سوور** ناوزڕان و پشێوییەکی گەورەی نابووەوە، بەڵام ئەمە ڕێگای لە پێشکەوتن نەگرت. دواتر (١٨٨٠-٨٢) کە ژنەکەی وەک ئەکتەر دەستی بە کار کرد، سێ شانۆنامەی دیکەی نووسی: **نهێنی ئاهەنگەکە، ژنەکەی ئاغای بێنگت و سەفەرەکەی پێتری سەرکەوتوو**، کە بێ دواکەوتن پێشکەش کران. وا پێ دەچوو نووسەری لاو کەیفی بەو کۆمەڵگەیە دەهات کە گاڵتەی پێ دەکرد. گەلی سوێد ئەویان دایە بەر ڕێژنەی ڕەخنە و ئەویش بە (***مەملەکەتی نوێ***، ١٨٨٢) وەرامی دانەوە، کە کۆمەڵە گاڵتەپێکردنێکی کاریکاتووریاسا بوو، خەڵکەکانی تێدا دەناسرانەوە. ئەمە شەپۆلێکی توورەیی و ڕقی دروست کرد کە بوو بە هۆی ئەوەی ستریندبێرگیش بە توورەیی و هەڵشاخانەوە بەرپەرچ بداتەوە، تەنانەت لە دیوانی شۆڕشگێڕانەی ***چامەی شیعر و پەخشان*** (١٨٨٣)دا. پاییزی ١٨٩٢ بە پەلە سوێدی بە جێ هێشت. لە پێشدا چوو بۆ بەرلین و ماوەیەک لەوێ مایەوە، بە تایبەت کە (ئوولا هانسسۆن)ی نووسەری هاوڕێی کە خەریک بوو

وەک نووسەرێک لەوێ خۆی دادەمەزراند، بۆ نیشتەجێبوونی بەرلین هانی دەدا. لە بەرلین ژیانێکی بۆهیمیانە و زریانئاسا دەژیا، کە ئەودەم ئەمە ژیانێکی نموونەیی بوو، لەناو کۆمەڵانی هونەرمەندی ئاڵمانی و پۆڵۆنی و سکاندیناڤیدا. سوێدی بۆیە بە جێ هێشت چونکە ژنەکەی تەڵاق دابوو و ژیانی ئەدەبیی وڵاتەکەی بە لاوە دوژمنانە و بێتام بوو. ماوەیەک دەیویست ببێت بە زانا و کیمیازان. هەر ئەم ئارەزووەش بوو پاڵی پێوە نا کە ساڵی ١٨٩٤ بچێت بۆ پاریس. لەوێ هەندێ لە شانۆنامەکانی، **خاتوو جوولی** و **باوک**، پێشان دران و ماوەیێکی کەم توانیی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵە فەرهەنگی و هونەرییەکانی فرانسیدا دابمەزرێنێت. ماوەییێکی زۆری پێ چوو تا بتوانێت جارێکی دیکە لە وڵاتەکەی خۆیدا نیشتەجێ ببێتەوە.

ژیان لە دەرەوەی وڵات بۆچوونە ڕادیکالەکانی ستریندبێرگی لە هەموو ڕوویەکەوە تیژتر کرد. بیری دێمۆکراتانەی بە هۆی چاوپێکەوتنی شۆڕشگێڕانی ڕووسەوە لە سویسرا، ١٨٨٤-٨٥، بوو بەو سۆسیالیزمەی سەرچاوە بوو بۆ کۆمەڵە چیرۆکی ***یووتۆپی لە واقیعدا*** (١٨٨٥) و ئەو هەستە بەهێزەی چینە هەژارەکان کە لە سەرەتای ژیننامەی ***کوڕی کارەکەر*** (١٨٨٦-٨٧)دا ڕەنگی داوەتەوە. دوا بەشی ئەم ژیننامەیە، ***نووسەر***، کە ساڵی ١٩٠٩ بڵاو کرایەوە، سەرنجڕاکێشترین دانپێدانان بوو لە ئەدەبی سوێدیدا و بەڵگەیەکی



یەکجار گرنگی سایکۆلۆگی و مێژوویی بوو.

هێزی داهێنەرانەی ستریندبێرگ لە جاران بەهێزتر تەقییەوە. ڕەخنەی فەرهەنگیی واز لێ نەهێنابوو، بەڵام ئەم جارە ڕووی ڕەخنەی لە کێشەیەک بوو کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا و جیهانی بیر و نووسەریی داگیر دەکرد: پێوەندیی نێوان پیاو و ژن، کە ئێستا بزووتنەوەی تازەی ژنان کردبوویە باسێکی گەرم. تەبیعەتی کەللەیی و تینووی دڵسۆزی و گومانکارانەی ستریندبێرگ لەوە دەترسا ئەو ژنە ئازادەی ئەم بزووتنەوەیە، بە پێشڕەویی ***ماڵی بووکەڵە***ی ئیبسن، بانگاوازی بۆ دەکرد، ببێتە ڕەقیب و دوژمن. ڕێزگرتنی ژن وەک مرۆڤ و وەک کەسایەتی لەگەڵ سرشتی ئەمدا نەدەگونجا، هەرچەندە وەک خۆشەویست حەزی لێ دەکرد، وەک هاوسەر خۆشی دەویست، وەک دایک ڕێزی دەگرت و وەک مریەمی پاکیزە دەیپەرست. چارەنووسی ئەو وا بوو دڵی هەر لەو جۆرە ژنانە بچێت کە نە دەیانتوانی و نە دەیانویست ئایدیالی خێزانیی بۆ جێبەجێ بکەن و تا کۆتاییش ژیانی هاوبەشیان لە گەڵیدا نەدەبردە سەر.

چیرۆکەکانی ژن و ژنخوازی لە (***ژن دەهێنن، شوو دەکەن***)، بەرگی یەکەم (١٨٨٤)دا یەکەمین دەربڕینی ئەم بینینەن لە بارەی ژن و ژنخوازییەوە، کە پێشتریش ئیلهامبەخشی شانۆنامەی ***ژنەکەی وەستا بێنگت*** بوو. شەڕەنووسینی ستریندبێرگ دژی «خانمانی ڕزگاربوون» و

بۆئەرکی ژنان وەک هاوسەر و دایک، بوو بە هۆی تووڕەبوونی تەنانەت کۆمەڵانی کۆنسێرڤاتیڤیش، بە هۆی شێوەی نووسینەکانەوە. لەژێر کارکردی ڕۆمانووسە گەورەکانی فرانسادا، بە تایبەت زۆلا، ڕیالیزمی ستریندبێرگ بەرەو ناتورالیزم دەچوو. ئەنجامەکەی جۆرە ڕاشکاوییەک بوو کە پێشتر لە ئەدەبی سویدیدا نەبوو. ئاخاوتنی ڕادیکالانە و دژەمەسیحییانە تووڕەبوونەکەی زیاتر کرد؛ لەسەر ئەمە شکاتی لێ کرا، بەڵام بێتاوان دەرچوو.

دادگاییەکە نوختەی وەرچەرخانێک بوو لە ژیانی ستریندبێرگدا؛ ئەمە دابڕانێکی گەورە و بێچارە بوو لەگەڵ کۆمەڵگەی سویدا. لەم ساتەوە وای هەست دەکرد کە ئەفەرۆز کراوە و ڕاو دەنرێت. کارەکانی تێک دەدران و بیر و مێشکی ورد و خاش دەکرا. نێوانی لەگەڵ ژنەکەیدا بوو بە کارەساتێک، کە ئیلهامبەخشی ڕق لە ژن و دڵڕەقی بوو لە (***ژن دەهێنن، شوو دەکەن***)، بەرگی دووەم (١٨٨٦)دا، لە بەرجەستەکردنی هونەرمەندانەی وەسفی ژیاندا لە بەشی یەکەمدا، و لە ژیاننووسییەکدا کە هەستی دوژمنایەتی وگومانی نەخۆشانە و تەنانەت هێزی ڕەخنەگرانەی جەرگبڕی تێدا زاڵ بوو، لە کتێبی ***گوتاری بەرگریی شێتێک***دا (١٨٨٧-٨٨، ساڵی ١٨٩٣ چاپ کرا)، کە یەکەمین دەربڕین بوو بۆ ڕقی خۆشەویستی، بۆ شێوەی بینینی ژن وەک دوژمنی سرشتیی پیاو، لای ستریندبێرگ. ئەمەی دوایی لە سەرەتادا بە زمانی فرانسی نووسراوە و ساڵانی ١٨٩٠ کراوەتە ئاڵمانی،



کەچی ساڵی ١٩١٤ تەرجەمەی سویدی کراوە. (ساڵی ١٩٧٦، دوای دۆزینەوەی دەستنووسە ئەسڵییەکەی، سەرلەنوێ تەرجەمەی سویدی کرایەوە). لەم کارەیدا زۆر بە ڕاشکاوی باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات و گەوهەری گێڕانەوەکە ژیانی پڕ لە هەرای خۆی و (سیری فۆن ئێسسەن)ی ژنێتی.

تێگەیشتن لە پێوەندی نێوان پیاو و ژن وەک شەڕی دەستەڵات، کە ئەوی لاوازتر بەوە حوکم دراوە کە دەبێ خۆی بداتە دەستەوە، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو جۆرە ژیانبینییە بوو کە زانست و داروینیزمی ئەو کاتە و سایکۆلۆگیی پێشنیازکارانە هێنابوویە کایەوە و ستریندبێرگ باوەڕی پێی هەبوو و لەگەڵ هەستی ڕوو لە زیادبووی ڕەشبینی و داڕووخانی ئەودا دەگونجا و هاوئاهەنگ بوو. ئەمەیە پاشخانی دراما ناتورالیستییەکانی ***تاڵانکەر، باوک، خاتوو جوولی، خاوەنقەرز*** (١٨٨٦-٨٨)، کە بە نووسینیان خۆی لە نەریتەکانی شانۆی ڕۆمانتیک و بۆرژوا دابڕی. بە دوو شاکاری باوک و خاتوو جوولی، ستریندبێرگ نموونەیەکی هاوسەنگی بۆ درامای کۆنی چارەنووس هێنایە کایەوە. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ناوبانگی نووسەریی ستریندبێرگ لە فرانسا و ئەڵمانیا جێگیر ببێت. لە باوکدا (١٨٨٧)، باوکێک بەوە هەرەس دەهێنێت کە دەکەوێتە گومانەوە لەوەی خۆی باوکی بیۆلۆگیی منداڵەکانی بێت. ئەمە تراجیدیا کلاسیکەکان بیر دەخاتەوە، هەروەها کاری وەک لیر شا و ئۆتێللۆی

شەکسپیر. ژن لێرەدا ئەو هێزە پاڵپێوەنەرەیە کە دەبێتە هۆی کوژرانی عەقڵ. شانۆنامەکە تەرجەمەی فرانسی کرا و ستریندبێرگ نامەیەکی پیرۆزباییی لە زۆلاوە پێ گەیشت. لەگەڵ هەموو نارەحەتییە دەروونی و نادەروونییەکانیشیدا هێزی داهێنەرانەی ستریندبێرگ لاواز نەبووبوو. هەر لەو نێوانەدا ***دانیشتووانی هێمس ئوێ*** (١٨٨٧)ی نووسی کە ڕەنگە گەلێریترین کتێبی بێت، و هەروەها چیرۆکەکانی ***ژیانی کۆمەڵەدوورگەکان*** (١٨٨٨). ئەم کارانە ئەگەرچی لە ئەڵمانیا و دانمارک نووسرابوون، بەڵام گەواهی بیر و خۆشەویستیی ستریندبێرگ بوون بۆ سرشتی سوێد کە لە سەردەمی لاویدا دەیپەرست.

بەڵام ئەمە ڕووناکییەکی کاتی بوو. ئاشنابوونی لەگەڵ فەلسەفەی (نیتشە)دا بێزهاتنەوەی توندوتیژی ستریندبێرگی لە مەسیحییەت و دیمۆکراسی بەهێزتر کرد- پێشتریش بە هۆی تێکەڵاویی لەگەڵ (هایدەنشتام)ی لاودا لە سویسرا ئەمەی لا پەیدا بووبوو- و بەمەش پاڵپشتێکی دیکەی بۆ (ڕق لە ژن بوون) دۆزییەوە. ئێستا ئیدی ئایدیالی ئەو مرۆڤی سرشتی نەبوو، بەڵکە ئەو سوپەرمرۆڤە ئازادکراوە بوو کە ڕۆح و لاشەی لە هەموو پێشبڕیارێک، بە تایبەت هیی دینی، پاک کراوەتەوە و پێشتر لە ***کوڕی کارەکەر***دا دەرکەوتووە و ئاهەنگی سەرکەوتنی بەسەر بێزلێکراوی گێلدا لە چیرۆکی ***چاندالا*** (١٨٨٨) و درامای ***پاریا*** (١٨٨٩)دا دەگێڕدرێت.

ساڵی ١٨٨٩ ستریندبێرگ گەڕایەوە بۆ سوێد، بەڵام هەستی



نەدەکرد کە لەماڵی خۆیدایە. دوو ساڵ دواتر، لە دوای پرۆسێسێکی ئازاراوی، لە ژنەکەی جیا بووەوە. ساڵێکیش دوای ئەوە سەرلەنوێ سوێدی بە جێ هێشت و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بوو، و ژیانێکی توندوتیژی بۆهیمییانەی بەسەر دەبرد و ژنهێنانێکی کورتخایێن و پڕ کێشەی تاقی کردەوە لەگەڵ ژنێکی نەمساوی (ئوتریشی)دا، فریدا ئوول، و ئەمەشی لە چیرۆکەکانی **وەستای کەرەنتینە** و گەلێ لە دراماکانی ساڵانی نەوەتدا گێڕاوەتەوە. ئەم ساڵانە سەردەمی هەڵوەشانەوە بوون: تاریکی، خەم، گومان و دوودڵی و ئەوپەڕی ناباوەڕی. شەش درامای یەکپەردەیی: **قەرز، یەکەم وریاکردنەوە، لە بەردەم مەرگدا، خۆشەویستیی دایک، یاری بە ئاگر، تاقمێک** (١٨٩٢-٩٣) ئەوەیان پێشان دەدا کە بەهرەی درامای هەر ماوە، بەڵام نەدەگەیشتنە پلەی کارەکانی جارانی. ئەمە پاشکەوتنێکی ئاشکرا بوو.

ستریندبێرگ بەمەشەوە نەوەستا و بەو ڕێگایەدا کە گرتبوویە بەر هەر ڕۆیشت. ئەمەش لە ئەدەبییات دووری دەخستەوە، گەیاندییە ئەزموونی کیمیا و خەیاڵاتی نادیار و غەیبی و هەرگیز وازی لێ نەهێنا. خەونی بەوەوە دەبینی زێڕ دروست بکات، چونکە ئەمە بە کەڵکی دەهات، و وا هەستی دەکرد بە شێوەیەکی غەیبی لە لایەن ئەو دوژمنانەوە کە لە سوێد و دەرەوە پەیدای کردبوون، ڕاو دەنرێت. ساڵی ١٨٩٤ لە پاریس دەژیا و هەستی بە قەیرانێکی یەکجار سەخت

دەکرد. ئەمە  لە ***دۆزەخ و ئەفسانە*** (١٨٩٧-٩٨)دا دەردەکەوێت. زۆر کەس ئەم حاڵەی ستریندبێرگ بە جۆرە تێکچوون و شێتییەک دادەنێن. کە لەم قەیرانی دۆزەخە دەرچوو، پیاوێکی دیکە بوو. نووسەرییەکەشی نەک هەر بێهێز نەبووبوو، بەڵکە لە جاران دەوڵەمەندتر و قووڵتر بووبوو. دوای دۆزەخ پلەی هونەرمەندیی ستریندبێرگ دەگاتە لووتکە.

ستریندبێرگ لە ڕووی بیروباوەڕەوە کۆمەڵێ گۆڕانی سەیر و بنەڕەتیی بەسەردا دێت. لە نێوان باوەڕی جیاوازدا هات و چۆ دەکات و هیچیان تینوێتیی ئەو ناشکێنێت. ئەمە لە شێوەی پێوەندییەکەی لەگەڵ دەوروبەر و بیری جیاوازدا دەردەکەوێت، هەر وەک پێوەندیشی لەگەڵ ژنی سێیەمیدا، هارریت بۆسسە، زۆر لە هیی ئەوانەی پێشووی جیاوازە، ئەگەرچی ئەمەش هەر گەیشتە تەڵاقدان. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵچوونی جاروباری هەبوو، ئەو ستریندبێرگە گەیشتووەی کە ساڵی ١٨٩٨ گەڕایەوە بۆ سوێد، پیاوێکی کامڵ و بێفیز بوو، بە پەشیمانی و بە بێزهاتنەوە دەیڕوانییە ژیانی ڕابوردووی و بە هەموو هێزێکەوە دەیویست ئەوەی خۆی تێکی داوە چاکی بکاتەوە.

یەکەمین کاری دراماتیکی ستریندبێرگ دوای قەیرانی دۆزەخ، ***بەرەو دیمەشق***، بەشی یەکەم و دووەم (١٨٩٨)، بەشی سێیەم ساڵی ١٩٠١ نووسرا)، ئاوڕدانەوەیەکی ئاوایە.ئەمە دەبێتە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە دراماتیکی ئەو و دراماتیکی ئەوروپاشدا بە



گشتی. ستریندبێرگ ئیدی نایەوێت ڕاستیی ڕواڵەتی پێشان بدات، بەڵکە دەیەوێت ڕاستیی ناوەوەی مرۆڤ بنوێنێ، ئەوەی کە لە پشت ڕەوتار و قسەی بێمانای مرۆڤەکانەوە بە ئاستەم دەیبینێت. هەموو شتێک دەبێتە نیشانە و لێکچوون، ڕاستی دەبێتە خەون و شیعر، کە ڕەنگە تاکە شتێک بێت کە ڕاست بێت. کەسەکان دەبنە تیشکدەرەوەی ناخی تایبەتی شاعیر و پاڵەوان. لە ***سەمای مەرگدا*** (١٩٠١)، دیسان بابەتی لەبەردڵان، کە هەرگیز لە بیر ناکرێت، دەگەڕێتەوە؛ شەڕی نێوان پیاو و ژن، وەک شەڕی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ئەو خۆیەی کە خەونی ژیان دەبینێت.

ئەو بەرهەمدارییە دراماتیکییەی کە ستریندبێرگ لە ساڵانی دەوروبەری سەدەی تازە و بڕێک دواتردا پێشانی دەدات لە ڕووی چەندایەتی و نرخەوە تاکانەیە لە ئەدەبی سوێدیدا و وێنەشی یەکجار کەمە لە ئەدەبیاتی دنیادا. ئەمە ڕێی ئەوەی لێ نەگرت کە وەک پەخشاننووسێک، ***داستانەکان*** (١٩٠٣) و ***تاک و تەنیا*** (١٩٠٣)، و وەک شاعیرێکی گەورەش بێتە پێشەوە.

شیعری ساڵانی هەشتای ستریندبێرگ هێندە پێشکەوتوو نەبوو، خۆیشی هێندە بایەخی پێ نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی کێشی ئازاد و بایەخ پێ نەدراو و دابڕینی بنجبڕانەیان لە شێوازی شاعیرانەی ڕۆمانتیکی دوادوایی و وێنە شیعرییەکانەوە ڕچەشکێن بوون و بوون بە نموونە بۆ شیعری نوێی نەوەدەکان، کە بە هونەری

بەرزی تەکنیک و ڕێکخستنی دەوڵەمەندانەوە شیعری ستریندبێرگی خستبووە لاوە لای زۆربەی خوێنەران، بەڵام هاوکاتیش دنەدانێک بوو لە مەیدانێکدا بکەوێتە پێشبڕکێ کە بە ناوەندی ئەدەبییاتی دانەدەنا. لێرەشدا ستریندبێرگ هەر وەستا بوو. کۆمەڵە شیعری ***یاریی وشە و وردەهونەر*** (١٩٠٢-٠٥) یەکێکە لە کلاسیکەکانی شیعری سوێدی، کە لەو سەد لاپەڕەیەدا دنیایەک بیر و هەست و بینین جێگەی گرتووە.

ئەگەرچی لە بەرهەمی ساڵانی نزیک لە قەیرانی دۆزەخەوە بابەتی قورس و گەورە تا ڕادەیەک بەرچاو ناکەوێت، بەڵام بە گشتی ڕوانینێکی لە جاران نەرمتر و ئاشتییانەتر لە بارەی هەبوونەوە دەبەخشێت. ستریندبێرگ خراپ و ناشیرین هەر وەک جاران بە زەقی دەبینێت، بەڵام دەیەوێت چاوپۆشیی لێ بکات. وردە وردە هەستێکی تازەی تووڕەیی و ناڕەزایی لە لای پەیدا دەبێت. دوای گەڕانەوەی ئەو تێگەیشتن و نرخ پێ دانەی نەبینی کە چاوەڕێی دەکرد؛ بە پێچەوانەوە دەیبینی جار لە دوای جار لە لایەن نووسەرانی نوێوە بۆ دواوە پاڵی پێوە دەنرێت. هەڵوەشانەوەی ژنومێردایەتییەکەیشی لەگەڵ (هاڕیێت بۆسسە)دا هەمدیس کردبوویە پیاوێکی تەنیا، کە هەرچی زیاتر لە خەڵکی خۆی دوور دەخستەوە. ئەو هەستانەی ئەم بارە دروستی کردبوون، ئاخری لە ڕۆمانەکانی ***ژوورە گۆتییەکان*** (١٩٠٤) و بە تایبەتیش لە ***ئالا ڕەشەکان***دا (١٩٠٤، ساڵی ١٩٠٧ چاپ کرا) کە یەکێکە لە چاکترین بەرهەمە پەخشانەکانی خۆی و ئەدەبی سوێدیش،



تەقینەوە. ئەمەیان هەرایەکی گەورەی نایەوە، لەو هەرایەش گەورەتر کە کاتی خۆی دوای بڵاوبوونەوەی (مەملەکەتی تازە) و (شوو دەکەن و ژن دەهێنن) پەیدابووبوو. ئەم جارەیان ستریندبێرگ چووبوو بە گژ ڕادیکاڵەکانیشدا، بێ ئەوەی پشتگیریی کۆنپارێزەکانی بە دەست هێنابێت. ئەمانە هەر بە دوژمنی مابوونەوە. ئەم ئێستاکە بە تەواوی تەنیا بوو.

ستریندبێرگ ئەگەرچی وە تاک کەوتبوو، لەسەر نووسین هەر بەردەوام بوو. دەستی کردەوە بە نووسینی چیرۆکی مێژوویی و ***مینیاتووری مێژوویی*** (١٩٠٥) و ***بیرەوەریی والی*** (١٩٠٦)ی نووسی. ئەمجا دەستی کردە نووسینی وەسفی سەردەم؛ ***ئاهەنگی سەربانگرتن*** (١٩٠٦) و ***قۆچی قوربانی*** (١٩٠٧). لە کتێبە شینەکاندا (١٩٠٧-١٩١٢) ویستوویەتی ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئالا ڕەشەکان بنووسێت، بەڵام ئەوەی نووسیویەتی جۆرێ ڕۆژنامچەیە و پڕە لە ڕق بەرانبەر مرۆڤ و بیری زرەزانستی، بەڵام ژیری و ئاوەزی پیریش.

تەنهایی و وەتاککەوتنی ستریندبێرگ دوای ئالا ڕەشەکان زیاتر بەوەدا دەرکەوت کاتێ ناچار بوو لەگەڵ ئاکتۆرێکی گەنجدا، ئاوگوست فالک، شانۆیەکی تایبەت دابمەزرێنێت، شانۆی ئینتیما، بۆ پێشاندانی شانۆگەرییەکانی خۆی، کە لە مێژووی گەشەکردنی شانۆی سوێدیدا کارێکی ڕچەشکێنانە بوو. لەسەر تەختەی ئەم شانۆیە

کۆمەڵێ شانۆگەری پێشکەش کران، یەکێکیان ***شارێکە*** بوو (١٩٠٩). لێرەدا ستریندبێرگ جارێکی دیکە بە دوژمنەکانیدا هەڵدەشاخێت، بەڵام حەشر بە خۆیشی دەکات و شیعرێک بۆ کێلی گۆڕەکەیشی تێهەڵکێش دەکات.

بەڵام ئەمە دوا وشەی ستریندبێرگ نەبوو. ئەو ناحەزییە ڕەوایەی بەرانبەر ڕەخنەی نەوەتەکان هەیبوو، کە گوێی بە داهێنانە گەورەکانی ئەم نەدەدا و ئەو ئێرەییە ئاشکرایەی بەرانبەر نووسەرانی نەوەتەکان، کە خوێنەرانیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشابوو، هەیبوو، وایان لێ کرد کە ساڵی دواتر، سەرلەنوێ بچێتەوە سەنگەرەوە و ئەو هەرایەی بە شەڕەکەی ستریندبێرگ ناوی دەرکرد بەرپا ببێت. لەم شەڕەدا جارێکی دیکەش بیروڕا ڕادیکال و دێمۆکراتەکانی خۆی لەمەڕ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش کردن، ئەگەرچی زۆریش بە نەرمی دەریبڕیبوون. گەرمی و توندوتیژیی دەمەتەقێیەکان لە ڕۆژنامەکاندا ئەوەی دەرخست کە شاعیرانی نەوەتەکان ئێستا پاڵیان دابوو بە کۆنپارێزەکانەوە و ئەمەش ستریندبێرگی کردە شاعیری سۆسیالدێمۆکراتەکان و لاوانی کرێکار. هەر ئەم بەرەیەش بوو کە پێشدەستیی کرد و لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢دا ئەو دیارییە نەتەوایەتییە گەورەیەی پێشکەش بە ستریندبێرگ کرد لە شەستوسێیەمین ڕۆژی لەدایکبوونیدا، کە بە ڕێپێوانێکی مەشخەڵدارانەوە ڕێزی لێ گیرا. ستریندبێرگ ئەو کاتە ئیتر بە هۆی



نەخۆشیی شێرپەنجەوە بە تەواوی لێ کەوتبوو. هەر بەم نەخۆشییەش چەند مانگێ دواتر، لە ١٤ی ماییسدا، کۆچی کرد.

کۆکراوەی نووسراوەکانی ستریندبێرگ، بەرگی ١-٥٥، لەلایەن جۆن لاندکڤیستەوە بڵاوکراونەتەوە لە نێوان ١٩١٢-١٩٢١دا. لە ساڵی ١٩٨١یشەوە دەست کراوە بە بڵاوکردنەوەی کۆکراوەی کارەکانی، چاپی نەتەوەیی، بە سەرپەرشتیی لارش دالبێک. نامەکانی ستریندبێرگیش، کە لە ڕووی ئەدەبی و ناساندنی باری سەردەمەکەیەوە بایەخێکی زۆریان هەیە، لە ساڵی ١٩٤٨ەوە لەلایەن کۆمەڵەی ستریندبێرگەوە بڵاو دەکرێنەوە.

هیچ نووسەرێکی سوێدی لە ژیانی خۆیدا ئەوەندەی ستریندبێرگ دەمەتەقێهەڵسێن نەبووە و ئەوەندە ڕەخنەی لێ نەگیراوە و شەڕی لەگەڵ نەکراوە. ئەو ناحەزییەی چ بە حەق و چ بە ناحەق هێنایە کایەوە ئێستاش بە تەواوی دانەمرکاوەتەوە. بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار و لەبیرچوونەوەی لاوازی و گوناهەکانی ستریندبێرگی مرۆڤ، باڵای شاعیرانەی زیاتر هەڵکشاوە. ستریندبێرگ نموونەی هەرە زەلامی ئەدەبی مۆدێرنی سوێدییە و کەسایەتیی ڕچەشکێنانەی ئەو بنەڕەتی هەموو ئەو گەشەکردنەیە کە دواتر لە پەخشان و دراما و شیعردا پەیدا بوو. هەموو ئەوانەی ئێستاکە بە زمانی سوێدی دەنووسن، بیانەوێت و نەیانەوێت شاگردی ئاوگوست ستریندبێرگن.

گەورەیی ستریندبێرگ وەک نووسەرێک پێش هەموو شتێک

لەوەدایە کە چەند بە چڕ و پڕی ژیان ئازمایشت دەکات و لێک دەداتەوە. هیچ کەسێکیش وەک ئەو خۆی بۆ نووسین تەرخان نەکردووە، بەو مەعنایەی کە بە تەواوی لەگەڵ ژیاندا تێکەڵ ببێت. هەموو شتێکیشی لە پێناوی داهێنانی شیعریدا بەخت کرد، چونکە شیعری بە ڕاستییەکی تاکانە دەزانی. نووسەری دیکەی سوێدی هەبوون کە ژیرتر و ڕەسەنتر و ڕوونتر بوونە، بەڵام هیچ کەسێک نەبووە ئەوەندەی دەرد کێشابێت و پشکۆکەی ئەوەندە گەشاوە بووبێت. لە سەرەتای ژیانی نووسەریدا خۆی ئاوای نووسیوە: «من خاوەنی تیژترین بیر نیم ــ بەڵام ئاگر؛ ئاگرەکەی من گەورەترین ئاگرە لە سوێددا».

ستریندبێرگ نەک تەنیا هەموو بوارەکانی ئەدەبیاتی تاقی کردەوە، بەڵکە سەروسەودای لەگەڵ هونەری دیکەشدا هەبوو. ماوەیەک خەریکی مۆسیقا بوو، هەندێکیش خۆی بە وێنەگرتنی فۆتۆگرافییەوە خەریک کرد. لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، لەبارەی مێژووی فەرهەنگییەوە شتی نووسیوە و لێکۆڵینەوەی زمانەوانیشی هەیە، بە تایبەتی سەبارەت زمانی چینی.

سەرەڕای ئەمانە ستریندبێرگ نیگارکێشیش بووە. ئەگەرچی هەر لە زووەوە هەوڵی نیگارکێشانی دابوو، بەڵام لە ١٨٩٢ بە دواوە شێوازی هونەریی خۆی بە ڕوونی گەڵاڵە کرد. لە ساڵانی ١٨٧٠دا ڕەخنەی هونەریی دەنووسی و باوەڕە تیۆرییەکانی خۆی لەوێدا تۆمار



کردوون کە دواتر لە دیتنە هونەرییەکانیدا کارکردیان هەبوو. لە ساڵانی ١٨٨٠دا پێوەندی و هاتوچۆیەکی گەرمی لەگەڵ هونەرمەندانی ڕادیکاڵی ئەورووپاییدا هەبوو، ئەمەش دیسان کاری کردە سەر باوەڕە هونەرییەکانی. تابلۆکانی ستریندبێرگ کە نزیکەی ١٢٠ دانەن، لە سێ قۆناخدا کێشراون: ١٨٩٢-٩٣، مۆتیڤەکانی لە دورگەی دالار وەرگرتوون؛ ١٨٩٤، کە وێنە کاریگەرەکانی کۆمەڵەدورگەی ستۆکهۆڵم لە کۆمپۆزیسیۆنی پەتیدا خۆ دەنوێنن و چەقۆی پالێت تەئسیری ڕێکەوتئاسا دەبەخشێت؛ و سەرەتای سەدەی بیستەم کە کەناری ئارامی زەریا، ئاسۆیەکی نزم و پێشنوێنێکی پڕ لە تاوێر مۆتیڤی سەرەکین.

## شانۆنامەی پاریا:

ستریندبێرگ ئەم شانۆنامەیەی ساڵی ١٨٨٩ نووسیوە. پاریا شانۆنامەیەکی یەکپەردەیە و تاکە شانۆنامەی تاوان یا تاوانکارانەیە لەناو بەرهەمەکانی ستریندبێرگدا. شانۆنامەکە لەسەر کورتەچیرۆکێکی (ئوولا هانسسۆن) بنیات نراوە. کاتێ هانسسۆن خۆی نەیویست بابەتەکە بکاتە شانۆنامەیەک، ستریندبێرگ دەستی بۆ برد و ئەم تێکستەی لێ پێک هێنا. ئوولا هانسسۆن (١٨٦٠-١٩٢٥) نووسەر و ڕەخنەگرێکی سوێدی بوو. ساڵی ١٨٨٢ لە شاری لووند بەکالۆریۆسی وەرگرت و چەند ساڵێک وەک ڕۆژنامەگەر و

ڕەخنەگر ژیا. ساڵی ١٨٨٤ یەکەم کتێبی خۆی بڵاو کردەوە: (چامە)، و تێیدا شیعری سرشت و نەریتەکانی سکۆنەی تێکەڵاو کردووە.

لە شانۆنامەکەدا دوو کەس هەن؛ هێر ئێکس و هێر وای (کە بە سوێدی وەک ئوی بێژ دەکرێت)، Herr X, Herr Y واتە ئاغای (یا میستەر) ئێکس و ئاغای وای. من لەم تەرجەمەیەدا کردوومن بە (میم) و (نوون)، چونکە لەسەر زمان زۆر لە ناوە سوێدییەکانیان سووکترن و لە ئەلفوبێی کوردییشدا هەر لە تیپەکانی دواوەن و بە دوای یەکدیدا دین. میم و نوون هەردوویان تاوانیان کردووە. میم ساختەی کردووە، چەکی پارەی دەستکاری کردووە، نوونیش لە ساتێکی پەلەکردندا پیاوی کوشتووە.

ئاشکرایە شانۆنامەکە تەئسیری بیروباوەڕەکانی فەیلەسووفی ئاڵمانی فریدریش نیتشە (١٨٤٤-١٩٠٠)ی بەسەرەوەیە. بەڵام تەئسیری پرۆفیسۆری پسیکیاتری و پزیشکیی قانوونیی ئیتالیایی سێسارە لۆمبرۆسۆیشی Cesare Lombroso، کە یەکێک بوو لە نووسەر و زانا هەرە ناودارەکانی ئەو سەردەمە، پێوە دیارە. لۆمبرۆسۆ دەیوت مرۆڤی تاوانکار جۆرە مرۆڤێکی تایبەتی نزم و هەڵوەشاوەیە، و تاوانکاری شێوەیەکە لە میرات و بۆماوە.

پاریا[بە ئینگلیزی Pariah ، بە ئەڵمانی Paria ، بە سوێدی Paria]: کەسێکە کە خەڵکی ڕقیان لێیەتی و لێی دوور دەکەونەوە و خۆیانی لێ لا دەدەن. وشەکە لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە دابەشبوونی



چینایەتی و دینیی جارانی باشووری هندستان و بورماوە هەیە، کە بە ئەندامی چینێکی زۆر خوارەوەی کۆمەڵ، کە لە ژێر چینی «سودرا»وە بوونە، وتراوە پاریا. عەرەب وشەی (المنبوذ) بە کار دەهێنن و فارسیش پێی دەڵێن: مطرود، وازدەء اجتماع. پاریا وەک ئاوەڵناویش بە کار دەبرێت بۆ ئەو سەگانەی هندستان کە نیوچە کێوین، سەگی پاریا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە سەگی خوێڕی و بەرەڵا و بێخاوەنیش دەوترێت سەگی پاریا Pariah dog. دیارە دەکرا ناوی شانۆنامەکە بە کوردی بکەم بە (خوێڕی)، بەڵام ئەو وردی و فرەلایەنییەی لە وشەی (پاریا)دا هەیە، وشەی (خوێڕی) ناتوانێ دەریببڕێت، بۆیە هەر وەک پاریا هێشتمەوە. ئەم شانۆنامەیەم کاتی خۆی، نزیکەی ١٥ ساڵ لەمەوبەر، لەسەر داوای تیپی شانۆی ئارارات لە ستۆکهۆڵم کردە کوردی و هەر ئەوان لە ژمارەی دووەمی گۆڤاری (شانۆ)دا بڵاویان کردەوە. بەڵام ئەمساڵ کە دەمویست بۆ چاپی ئامادە بکەم، جارێکی دیکە چاوم بە تەرجەمەکەدا گێڕایەوە و سەرلەبەریم گۆڕی. ئەم تێکستەی کە ئێستا بە شێوەی کتێب بڵاو دەکرێتەوە، دەکرێ بە تەرجەمەیەکی تازە دابنرێت.

**فەرهاد شاکەلی**

**سۆللەنتونا، پاییزی ١٩٩٩**

## سەرچاوە:

1. Ny Illustrerad Svensk Litteraturhistoria (Fjärde delen, Åttiotal, Nittiotal), Natur och Kultur, Stockholm 1957, s.31-144.

2. E. N. Tigerstedt: Svensk Litteraturhistoria (Tred-je reviderade upplagan), Natur och Kultur, Stockholm 1960, s.392-405.

3. Ingmar Algulin: A History Of Swedish Literature, translated by John Weinstock, The Swedish Institute, 1989, pp. 115-132.

4. Nationalencyklopaedien.

**ئاوگوست ستریندبێرگ**

# پاریا

یەک پەردەیە
**بە دەستکارییەوە لە چیرۆکێکی (ئوولا هانسسۆن)ەوە وەرگیراوە**

کەسەکان:
میستەر میم: **ئارکیۆلۆگ**
میستەر نوون: **ڕێبوارێکە لە ئەمەریکاوە هاتووە**
**(هەردوویان چوونەتە نێو ساڵەوە)**

**دیمەن:**

ژوورێکی ساکار لە لادێ؛ دەرگا و پەنجەرەی پشتەوە بەسەر دەشتاییدا دەڕوانێت. مێزێکی گەورەی نانخواردن لەناو ماڵەکەدایە، لایەکی کۆمەڵێ کتێب و ئەسبابی نووسین و شتی کۆنەی بەسەرەوەیە، لایەکەی دیکەش زەڕەبینێک و هەندێ قوتووی کێز و جووڵەوەر و شووشەئارەق.

بە دەستەچەپدا ڕەفەی کتێب. وەکوو تر تەخت و قەنەفەی وا کە لە ماڵی جووتیارێکی دەستڕۆیشتوودا دەبینرێت.

میستەر نوون بە تۆڕی جووڵەوەر و قەرتاڵەیەکی جووڵەوەر و مێرووکۆکردنەوەوە، بە کراسێکی قۆڵکورتەوە دەکا بە ژووردا؛ یەکسەر ڕوو دەکاتە ڕەفەی کتێبەکان و کتێبێک دادەگرێت و بۆی دادەنیشێت بیخوێنێتەوە.

لە دەرەوە دەنگی زەنگی پاشنوێژ لە کڵێسەی گوندەکەوە دێت؛ خۆرەتاو دەرودەشت و کۆڵیتەکەی ڕووناک کردۆتەوە.

جاروبار دەنگی مریشک دێ لە دەرەوە دەگارێن.

میستەر میم کراسێکی قۆڵکورتی لەبەردایە.

نوون (بەپەلە ڕاست دەبێتەوە و کتێبەکە سەرەوژێر دەخاتەوە جێگەکەی خۆی؛ وا پێشان دەدات کە بۆ کتێبێکی دیکە دەگەڕێت).



**میم:** گەرمایەکی چەند ناخۆشە! دەزانم دەیکاتە بروسکە و هەورەتریشقە.

**نوون:** ئاوها! بۆچی وا دەزانی؟

**میم:** زەنگەکان وا ڕەق و تەق دەزرنگێنەوە، مێش خەریکە چاوی پیاو دەردەکات و مریشکەکانیش دەگارێن. دەمویست بچمە دەرەوە ڕاوەماسی بکەم، بەڵام یەک دانە کرمیشم چنگ نەکەوت. ئەرێ تۆ کەللەیی نەبووی؟

**نوون** (بیر دەکاتەوە): من؟ ئەی، ئەرێ وەڵڵا!

**میم:** ئەرێ بەڕاست، تۆ هەمیشە هەر وایت، وەک بڵێی چاوەڕوانی بروسکە و با و باران بیت!

**نوون** (دێتە پێشەوە): من وام؟

**میم:** باااشە، تۆ سبەینێش سەفەر دەکەیت، کەواتە سەیر نییە ئەگەر تای سەفەرت لێ هاتبێت!

چی هەیە، چی نییە؟...... ئەوە پۆستەکەیە!

(نامەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێت)

ئۆی! هەموو جارێ کە نامەیەک دەکەمەوە تووشی دڵەکوتێ دەبم...... هەر قەرز و هەر قەرز!

ئەرێ تۆ قەت قەرزار بوویتە؟

**نوون** (بیر دەکاتەوە): ن ن ن ننا!

**میم:** بەڵێ، جا کەواتە تۆ نازانی چەند ناخۆشە کە خاوەنقەرز دەکاتە

سەرت و داوای قەرزی خۆی دەکاتەوە.

(تەماشای نامەیەک دەکات، دەیخوێنێتەوە)

کرێخانوو نەدراوە...... خاوەنخانوو شەڕ دەکات...... ژنە بێهومێدە! منیش هەتا بیناقاقام نوقمی زێرم!

(سنووقێکی ئاسنین، کە بەسەر مێزەکەوەیە، دەکاتەوە و هەردووکیان لەمبەر و لەوبەری مێزەکەوە دادەنیشن)

چاوت لێیە، لەم سنووقەدا بایی شەشهەزار کرۆن زێرم هەیە، کە بە چواردە ڕۆژ لە زەویم دەرهێناوە! من تەنیا پێویستم بەم بازنە بوو تا ئەو سێسەدوپەنجا کرۆنەی پێویستم پێیەتی، دەستم بکەوێت. بە هەمووشیەوە ژیانێکی چاکم بۆ خۆم پێکەوە دەنا. بێگومان هەر خێراش وێنەکانی تێزەکەمم دەکێشا و شێوەکەیم دادەڕشت و ئەوساکەش چاپم دەکرد و...... سەفەرم دەکرد. باشە، پێت وایە، من بۆچی وا ناکەم؟

**نوون:** دیارە لەوە دەترسییت ئاشکرا بیت!

**میم:** لەوانەشە! بەڵام تۆ پێت وا نییە پیاوێکی زیرەکی وەک من بتوانێ ئەوەندە وریا و کارقایم بێت، نەهێڵێت شتەکە ئاشکرا بێت؟

من خۆم بە تەنیا دەچم...... بەبێ گەواه...... و لە دەرەوە ئەو گرد و تەپۆڵکانە هەڵدەکۆڵم. دەبێ سەرنجڕاکێش چی بێت ئەگەر نەختێکی لێ لادەم و بیکەمە گیرفانی خۆم؟



**نوون:** ئا، بەڵام وا پێ دەچێت فرۆشتنەکەی لە هەمووی زەحمەتتر بێت!

**میم:** حەو! بێگومان دەمتوانی هەموو پێکەوە بتوێنمەوە و ئەوسا لیرەیان لێ دروست بکەم...... لیرەی ڕەشادی...... بێگومان زۆر گرنگە.

**نوون:** بێگومان!

**میم:** کەواتە تۆ تێدەگەی! ئەگەر بمویستایە هەر پێشتر پارەی ساختە دروست بکەم، پێویستم بەوە نەبوو پێشەکی زێڕ لە بنزەوی دەربێنم!

(وچانێک)

بەهەرحاڵ، سەیر ئەوەیە ئەگەر یەکێکی تر ئەو کارەی بکردایە کە خۆم ئێستاکە توانای ئەوەم نییە جێبەجێی بکەم، گەردنیم ئازاد دەکرد، بەڵام نەمدەتوانی گەردنی خۆم ئازاد بکەم. دەمتوانی زۆر بە گەرمی بەرگری لە دز بکەم، ئەوە پێشان بدەم کە ئەم زێڕە هی کەس نەبووە، لە سەردەمێکدا هاتۆتە نێو زەوی، مافی خاوەنێتی هەر نەبووە و ئێستاکەش لەو کەسە بەولاوە کە یەکەم جار دەیدۆزێتەوە کەسی دیکە خاوەنی نییە، مادام خاوەنی زەوییەکە ئەوەی بە ملک و ماڵی خۆی لە قەڵەم نەدابێت، ئیتر ئاوا!

**نوون:** دەی لەوەیە تۆش ئەمەت ئاسانتر بۆ بکرایە ئەگەر، ئحمم!

دزەکە لەبەر پێویستی دزیی نەکردایە، بەڵکە، بۆ نموونە، لەبەر ئارەزووی شت خڕکردنەوە، لەبەر هەوەسێکی زانستانە، بە تەمای ئەوەی ببێتە خاوەنی دۆزینەوەیەک. وا نییە؟

**میم:** مەبەستت ئەوەیە، گوایە من نەمدەتوانی گەردنی ئازاد بکەم، ئەگەر لەبەر پێویستی دزییەکەی کردبێت؟ نا، چونکە تەنیا ئەم جۆرەیانە کە یاسا نایبەخشێت! ئەمەیان بێ ئەملاوئەولا دزییە!

نوون: تۆش نەتدەبەخشی؟

**میم:** همم! بەخشین! ئێ خۆ دیارە کە یاسا نەیبەخشێت، منیش نەمدەتوانی. دەبێ پێ لەوەش بنێم، کە پێم گران دەبوو خڕکەرەوەیەک ناو بنێم دز، ئەگەر کۆنەشتێکی هەلگرتبێت، لە زەویی خەڵکی دیکەدا دۆزرابێتەوە، شتێکی وا کە لە کۆمەڵە خڕکراوەکەی خۆیدا نەبووبێت!

**نوون:** کەواتە ئەوەی پێویستی پاساوی نادات، لەخۆباییبوون و تەماحکاری پاساوی دەدات.

**میم:** هەروەها لەوانەشە پێویستی بەهێزتر بێت، و تاکە پاساودەر بێت. بەڵێ، ئاوەهایە! من چەندە دەتوانم ئەو خواستەی خۆم بگۆڕم، کە بە هیچ جۆرێ دزی نەکەم، هەر ئەوەندەش دەتوانم ئەو ڕاستییە بگۆڕم!

**نوون:** کەواتە تۆ ئەمە بە جوامێرییەکی گەورە دادەنێیت کە ناتوانی، ئمم! دزی بکەیت!



ە ئەمە لای من کارێکی بەرپێنەگیراوە، هەر وەک چۆن حەزکردن لە دزی لای خەڵکی دیکە بەری پێ ناگیرێت، واتە نە جوامێرییە و نە هیچ. من ناتوانم، هەر وەک ئەویش ناتوانێت وا نەبێت!...... تۆ تێ دەگەیت، ئارەزووی ئەوەی ئەم زێڕە ببێتە هی من، لە مندا کەم نییە! دەی کە وا بێت بۆچی نایبەم؟ ناتوانم! ئەمە بێدەستەڵاتییە، ئێ خۆ دیاریشە ناتەواوی جوامێری نییە. بەڵێ! (سنووقەکە دادەخاتەوە).

(پەڵە پەڵەی هەور ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیوە و جاروبار کۆڵیتەکە تاریک دەکات. ئێستا وا تاریک دەبێت وەک بڵێی بروسکە و باوبۆران بە ڕێوە بێت).

**میم:** چەند ناخۆشە؛ پیاو دڵی تەنگ دەبێ! وا بزانم دەیکاتە بروسکە!

**نوون:** (هەڵدەستێتە سەر پێ و دەرگە و پەنجەرەکان دادەخات).

**میم:** تۆ لە هەورەبروسکە دەترسێیت؟

**نوون:** پیاو دەبێ ئاگای لە خۆی بێت!

(هەمدیس لەمبەر و لەوبەری مێزەکەوە دادەنیشنەوە).

**میم:** تۆ کابرایەکی سەیری! چواردە ڕۆژ لەمەوبەر، وەک بۆمبایەک، لێرە بەردەبیتەوە و دەڵێی ئەمەریکاییەکی سوێدیت، هاتووی بۆ کڕین و فرۆشتنی کێز و جووڵەوەر و مێروو، بۆ موزەخانەیەکی بچکۆلە......

**نوون:** تۆ ئێستا خۆت بە منەوە خەریک مەکە و کارت بە منەوە نەبێت!

**میم:** هەموو جارێ کە من لە باسکردنی خۆم ماندوو دەبم و دەمەوێ تۆزێکیش ناوی تۆ لە ناواندا بێت، تۆ هەر وا دەڵێیت. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە ئەوەندە لەگەڵ من هاودەرد بوویت، چونکە بەرت بۆ بەرەڵا کردم هێندە باسی خۆم بکەم! ئەوەتا خەریکین دەبینە ئاشنا و ڕۆشنای کۆن، شاخت نەبوو تا لێت زارەترەک بم، دەرزی نەبووی بچەقی پێما. تۆ زۆر نەرم و لەسەرخۆ بووی، ئەو میهرەبانییەی لای تۆ هەبوو تەنیا مەگەر لە خوێنەوارێکی زۆر بەرز بوەشێتەوە؛ کە درەنگانێ دەهاتیتەوە ماڵێ ڕۆژێ لە ڕۆژان قرە و هەرایەکت لە زار نەهاتە دەر، کە سبەینان لە خەو هەڵدەستایت خوتە و بۆڵەیەکت نەکرد. لە وردەشت چاوپۆشیت دەکرد. کە شت بەرەو ناکۆکی بچووایە خۆتت دوور ڕادەگرت...... بە کوردییەکەی، تۆ هاوڕێ و هاودەمێکی بێغەلوغەش بووی! بەڵام تۆ هەر یەکجار زۆر گوێڕایەڵ بووی، یەکجار زۆر نێگەتیڤ بووی، زۆر بێدەنگ بووی، لەوەیە لە مەودایەکی دووردا نەمتوانیبایە بیری لێ بکەمەوە...... تۆ سەرتاپێت هەر ترسە و هەر ترسنۆکی...... دەڵێی تارماییی خۆتیت و لە گۆڕەوە دەرچوویتە. ئەرێ تۆ ئاگات لەوە هەیە، کە من لێرە بەرامبەر ئاوێنەکە دادەنیشم و



پشتی تۆ دەبینم، وا پێ دەچێت وەک ئەوەی من مرۆڤێکی دیکەم بینیبێت!

**نوون** (ئاوڕ دەداتەوە و سەیری ئاوێنەکە دەکات).

**میم:** بەڵێ، تۆ ناتوانی لە پشتەوە خۆت ببینی! لە پێشەوە وەک پیاوێکی جەربەزەی وا دێیتە پێش چاو، کە بە سینگێکی فراوانەوە دەچێت بۆ پێشوازیی چارەنووسی خۆی، بەڵام لە پشتەوە...... های، های. من نامەوێ بێئەدەب بم...... بەڵام وا دیاریت، وەک بڵێی بارێکت هەڵگرتبێت، وەک بڵێی لە ترسی تێلایەک خۆتت لادابێت. کە چاویشم بەم قایش و قرووشە سوورانەی تۆ دەکەوێت بەسەر کراسە سپییەکەتەوە ..... هەر دەڵێی مارکەیەکی گەورەیە، مارکەیەکی بازرگانی بەسەر سنووقە کووتاڵەوە....

**نوون** (هەڵدەستێتە سەر پێ): بەو خوایە خەریکم دەپێشێم...... ئەگەر بروسکە و باوبۆرانەکە هەرچی زووتر دەست پێ نەکات!

**میم:** هەر هێندەت زانی دەستی پێ کرد، تەنیا تۆ ئارام بگرە!...... ئەوجا با بێینە سەر پشت ملت! هەر وا دیارە، وەک ئەوەی ڕوومەتێکی دیکەی پێوە نووسابێت، بەڵام ڕوومەتێک لە بابەتێکی دیکە، نەک ئەوەی خۆت! تۆ لە نێوان گوێچکەکانتەوە هەر بە جارێ سیسەڵە و باریکی. هێندە لاوازی کە جاروبار لە دڵی خۆمدا دەڵێم دەبێ ئەمە سەر بە

کامە ڕەگەز بێت!

(ئاسمان بروسکە دەدات)

ئەوە وا دیار بوو وەک لای ماڵی کەڵانتەر کەوتبێت!

**نوون** (بە نیگەرانییەوە): ماڵی کککەڵانتەر!

**میم:** بەڵێ، وا پێ دەچوو! بەڵام لەگەڵ ئەو بروسکە و باوبۆرانەدا ئێمە هیچمان پێ ناکرێ! دانیشە با بۆ خۆمان قسە بکەین، چونکە تۆ سبەینێ سەفەر دەکەیت......

سەیر ئەوەیە، تۆ کە زۆر زوویش لەگەڵت بوومە هاوڕێی نزیک، لەو جۆرە کەسانەی لەو کاتەدا کە خۆیان لە بەرچاو نین، شێوەیانم نایێتەوە بیر. کاتێ کە تۆ لە دەرەوەیت و منیش بیرت لێ دەکەمەوە، هەمیشە ئاشنایەکی دیکەم دێتە پێش چاو. ڕاستییەکەی هیچ لە تۆیش ناچێ، بەڵام هەندێ شتتان هەیە کە وەک یەکن.

**نوون:** کێیە؟ ئەو کەسە کێیە؟

**میم:** نامەوێ ناوەکەی بڵێم! بەهەرحاڵ، ماوەی چەند ساڵێک فێر بووبووم لە جێگەیەک نانی نیوەڕوانم دەخوارد و هەر لەوێش، لەسەر مێزی نانخواردن چاوم بە کابرایەکی بچکۆلەی سووروسپیی چاوماندوو دەکەوت. کابرا توانایەکی لە عەقڵ بەدەری هەبوو، بچووبایەتە نێو کامە ئاپۆڕە کە تۆ دەڵێی زۆر خراپە، نە شانی لە کەسێک دەدا و نە شانێکی بەردەکەوت؛



ئەگەر لای دەرگاکەش ڕاوەستابایە، دەیتوانی لە دووریی سێ هەنگاوەوە لەتەنانێکی بۆ خۆی ببردایە؛ هەمیشە دڵخۆش و بەختیار دیار بوو کە لەنێو خەڵکیدا بێت، کە چاویشی بە دۆست و ناسیاوێک دەکەوت لە خۆشییانا تریقەی پێکەنینی دەهات، لە هەمێزی دەگرت و دەسومۆچانێکی گەرمی لەگەڵ دەکرد، وەک بڵێی ساڵەهای ساڵ بێت چاوی بە مرۆڤێک نەکەوتبێت. ئەگەر یەکێک پێی بنایە بە پێیدا، بزەیەکی دەهاتە سەر لێوان، وەک ئەوەی داوای لێبووردن بکات، وەک بڵێی ئەم خۆی ڕێی بەو گرتبێت.

ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق دەمدیت و کەیفم بەوە دەهات هەڵیبێنم بزانم ئەم کابرایە چی بوو، ئاکاری چی بوو، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کەسێکم نەپرسی کابرا کێ بوو، نەمدەویست ئەوە بزانم، چونکە ئیتر دەمودەست دڵخۆشییەکەم لە کیس دەچوو.

ئەم کابرایە هەر وەک تۆ بوو...... لەو چەشنەی کە پیاو بۆی دیاری ناکرێ. جاروبار لە دڵی خۆمدا دەموت ئەمە دەبێ مامۆستایەک بێت خوێندنی زانستگەی تەواو نەکردبێت، گرووهبان بێت، دەرمانساز، سەرۆکی شارەوانی یا پۆلیسی نهێنی. ئەویش، خۆتئاسایی، هەر دەتگوت دوو پارچەی جیاوازە و لێک دراون، چونکە پێش و پاشی لەگەڵ یەک

نەدەگونجان.

ڕۆژێکیان لە ڕۆژنامەدا شتێکم بەرچاو کەوت سەبارەت بە فەرمانبەرێکی ئاشنا کە چەکی پارەی ساختە کردبوو.......

بێجگە لەوە ئەوەشم زانی کە کابرای دیاری نەکراوی لەمەڕ من، شەریکی برای کابرای ساختەکار بووە و ناویشی سترۆمانە؛ سەرەڕای ئەوەش پێیان وتم کە سترۆمانی ناوبراو کاتی خۆی سەروسەودای لەگەڵ کتێبخانەکاندا هەبووە و ئێستاکەش نووسەری بەشی تاوان و دادگا بوو لە ڕۆژنامەیەکی گەورەدا. دەی من لەو کاتەدا چۆن بمتوانیایە، پێوەندییەک، کوڕە تاڵە دەزوویەک، بدۆزمەوە لەنێوان ساختەکاری و پۆلیس و ڕەوتاری نائاساییی کابرای دیارینەکراودا؟ نازانم چۆن، بەڵام کاتێ لە دۆستێکم پرسیارم کرد ئاخۆ سترۆمان سزا دراوە، نە وتی ئا و نە وتیشی نەء....... نەیدەزانی!

(وچانێک)

**نوون:** ئێێێێ؟ ئەی...... سزا درابوو؟

**میم:** نا. سزا نەدرابوو!

(وچانێک)

**نوون:** کەواتە، دەتەوێ بڵێی، هی ئەوە بوو هێندە لە پۆلیس نێزیک دەبۆوە و هێندەش لەوە دەترسا لەگەڵ خەڵکی تووشی ناحەزی و نەیاری ببێت؟



**میم:** بەڵێ!

**نوون:** ئەی پاشان ئاشنایەتیت لەگەڵ پەیدا کرد؟

**میم:** نا، نەمویست.

(وچانێک)

**نوون:** ئێ باشە، ئەگەر......- سزا بدرایەت، دەبوویتە ئاشنای؟

**میم:** ئەرێ وەڵڵا، کەیفیشم پێ دەهات!

نوون (هەڵدەستێتە سەر پێ و یەک دوو هەنگاوێک دەنێ).

میم: دانیشە، ئارام بگرە!...... ئەوە تۆ بۆ نازانی دانیشی و ئۆقرە بگریت؟

**نوون:** ئەرێ تۆ ئەم بیرکردنەوە ئازادانەیەت سەبارەت هەلومەرجی مرۆڤ لە کوێوە هێناوە؟ تۆ مەسیحییت؟

**میم:** نا، خۆ خۆت گوێت لێیە!

**نوون** (دەموچاو دەدا بە یەکدا).

**میم:** مەسیحییەت لێبووردنی دەوێت، بەڵام من بۆ ڕاگرتنی بەرانبەریی دوو تای تەرازوو، تۆ چیی ناو دەنێی بینێ، داوای سزا دەکەم! تۆ، کە بەندیخانەت بینیوە، دەبوو ئەمە باش بزانیت.

**نوون** (هەر وا بێ جموجووڵ دەوەستێ، تەماشای میستەر میم دەکات، لە پێشا بە چاوێکی دڕندانەی پڕ لە ڕقەوە، دواتریش

به سەرسوورِمان و سەرسامییەوە.):

تۆ...... ئەوە...... چۆن...... دەزانیت؟

**میم:** ئێ، خۆ ئەوەتا دەیبینم!

**نوون:** چۆن؟ چۆن دەیبینی؟

**میم:** من خۆمم فێر کردووە! ئەوەش هونەرێکە، وەک گەلێ شتی دیکە! بەڵام ئێستا، با ئیتر باسی ئەو شتە نەکەین!

(تەماشای سەعاتەکەی دەکات، پارچەکاغەزێک بۆ ئیمزاکردن دێنێتە پێشەوە، پێنووسەکە دەژەنێت بە مەرەکەبدا و بۆ میستەر نوونی درێژ دەکات)

وەزعی پارەوپوولّم زۆر شڕە، دەبێ بیرێکی لێ بکەمەوە. ئەوجا بێزەحمەت ببەرە شایەتی ئیمزاکەم کە لەسەر ئەو قەرزنامەیە کردوومە. سبەینێ، کە لەگەڵت دێم، دەیدەمە بانکی مالموێ.

**نوون:** من نیازم نییە بەسەر مالموێدا سەفەر بکەم!

**میم:** نیازت نییە؟

**نوون:** نەخێر!

**میم:** بەڵام، هەرچۆنێ بێت، خۆ دەتوانی ببیتە شایەتی ئیمزاکەم.

نوون: نــ نا!...... من قەت ناوی خۆم لەسەر هیچ کاغەزێ نانووسم......

**میم:**...... جارێکی تر! ئەمە جاری پێنجەمە کە تۆ ناتەوێ ناوی خۆت



بنووسیت! یەکەم جار لەسەر پسوولەیەکی پۆستە بوو...... من هەر لەو جارەوە دەستم پێ کرد چاودێریت بکەم؛ ئێستاکەش ئەوەتانێ دەبینم تۆ زۆر لەوە دەترسێیت پێنووسێکی بەمەرەکەب بگریتە دەستتەوە. تۆ لەوساوە هاتوویتە ئێرە نامەیەکت نەناردووە، تەنیا کارتێکت نارد، ئەویشت هەر وا سەرپێیی و بێدەربەستانە نووسی. ئێستاکەش تێدەگەی کە من چەوتی و پێخواردانانی تۆم ژماردووە!

بێجگە لەوەش! خۆ ئەوە جاری حەوتەمە کە تۆ دەڵێی ناچمە مالموێ، لەم ماوەیەدا هیچ نەچوویتە ئەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ لە ئەمەریکاوە هاتوویتە ئێرە تەنیا بۆ ئەوەی مالموێ ببینی. هەموو ڕۆژێکیش، پێنج کیلۆمەتر سەرەوخوار، بۆ لای گردی پشت ئاشەکە دەچیت، بۆ ئەوەی چاوێکت بە سەربانەکانی مالموێ بکەوێت! هەر جارێکیش کە لە بەردەم پەنجەرەی دەستەڕاستدا ڕادەوەستی و لە شووشەی سێیەمی دەستەچەپەوە، ئەگەر لە خوارەوە بیژمێری، تەماشای دەرەوە دەکەیت، تاجەکانی کۆشک و دووکەڵکێشەکانی زیندانی هەرێم دەبینی.

ئێستاکە دەبینی چۆنە. مەسەلە ئەوە نییە کە من زۆر زیرەکم، بەڵکە ئەوەیە کە تۆ زۆر کەریت!

**نوون:** ئەمە سووکایەتییە تۆ بە منی دەکەیت!

**میم:** نەخێر!

**نوون:** با، تۆ سووکایەتیم پێ دەکەی، دەبێ بیکەی!

**میم:** نا! فەرموو ئەوە من دەستت دەدەمێ!

**نوون** (دەستی میستەر میم ماچ دەکات)

**میم** (دەستی خۆی دەکێشێتەوە): ئەم ڕەوتارە سەگئاساییانە چین؟

نوون: ببوورە؛ ئێوە یەکەم کەس بوون، کە دەستتان داومەتێ، دوای ئەوەی کە زانیوتانە......

**میم:** ئەوەتا ئیتر ناشتەوێ پێم بلێی تۆ!...... ئەمە زۆرم دەترسێنێ، کە تۆ دوای سزاکێشانیش وا هەست ناکەیت، لە پلە و پایەدا، ئابڕووت بۆ گەڕاوەتەوە و وەک هەر یەکێکی دیکە پاک بوویتەتەوە! ئەرێ بۆم ناگێڕیتەوە چۆن بوو! دەتەوێ باسی بکەیت؟

نوون (خۆی با دەدات)

بەڵێ، بەڵام باوەڕ بە قسەکانم نەکەیت؛ من باسەکەت بۆ دەگێڕمەوە و تۆش دەبینی، کە من تاوانکارێکی ئاسایی نیم، باوەڕ بەوە دەهێنی، کە هەندێ چەوتی هەن، با بلێین، خۆنەویستانەن...... (خۆی با دەدات)...... وەک بلێی هەر لە خۆوە...... خۆویستانە دێن...... بەبێ ویستنێکی ئازادانە و بێ ئەوەی مرۆڤ لێی بەرپرسیار بێ...... ئەرێ دەرگاکە بڕێک نەکەمەوە؟ وا بزانم خۆشی کردووە!



**میم:** فەرموو!

**نوون** (دەرگاکە دەکاتەوە؛ لای مێزەکەوە دادەنیشێت و بە دڵگەرمییەکی بێتام و خۆبادانێکی تیاترانە و دەنگگۆڕینێکی ساختەکارانەوە ئەم قسانە دەگێڕێتەوە).

بەڵێ! چاوت لێیە! من خوێندکار بووم لە لووند و جارێکیان دەمویست لە بانک پارەیەک قەرز بکەم. من خۆم قەرزێکی هێندە گەورە و گرانیشم لەسەر نەبوو، باوکیشم لە ماڵی دنیا شتێکی کەمی هەبوو...... بەڕاستی زۆری نەبوو! بەهەرحاڵ من قەرزنامەکەم بۆ کەفیلەکەی دیکە نارد، تا ئیمزای بکات، کەچی بە پێچەوانەی ئەوەوە کە من چاوەڕێم دەکرد، بە ئیمزانەکراوی هاتەوە بۆم؛ ئیمزای نەکردبوو...... تاوێ هەروا دانیشتم. ئەمە کەڕ و کاسی کردبووم، چونکە ئەمە کارێکی سەرسووڕهێنەری ناشیرین بوو، زۆر ناشیرین بوو!...... پارچەکاغەزەکە لە بەردەمما لەسەر مێزەکە کەوتبوو، نامەکەش بە تەنیشتییەوە. لەپێشدا چاوم، هەروا بێ دڵنەوایی، ئەبڵەق بووبوو. تەماشای ئەو چەند دێڕە چارەنووسسازەم دەکرد، کە فەرمانی منیان تێدا بوو...... بێگومان فەرمانی مردن نەبوو، چونکە زۆر بە ئاسانی دەمتوانی کەفیلی دیکە پەیدا بکەم، چەندم بویستایە هەبوون...... بەڵام، وەک وتم، ئەوەی ڕووی دا شتێکی زۆر ناشیرین بوو. لەو دەمەدا کە ئاوەها بێگوناهانە

دانیشتبووم، هێدی هێدی سەرنجم لەسەر ئیمزای بن نامەکە نیشتەوە، کە ئەگەر لە جێگەی ڕاست و شیاوی خۆیدا بووایە، لەوە بوو پاشەڕۆژی منی دروست بکردایە. ئیمزایەکی یەکجار ڕێکوپێک بوو، دەتوت خۆشنووسێک کێشاویەتی...... بۆ خۆت دەزانیت، پیاو ئەگەر دابنیشێت و بیر بکاتەوە، دەتوانێت لەسەر پارچەکاغەزێک خەتخەتۆلە و شەڕەپشیلەی دنیا بکێشێت و هەمووی بە قسەی پووچ و بێمەعنا پڕ بکاتەوە. منیش پێنووسەکەم بە دەستەوە بوو...... (پێنووسەکە دەگرێتە دەستەوە)...... ئە ئاوها، ئیدی هەر چنێک بێت بۆ خۆی دەڕوا...... نامەوێ لافی ئەوە لێ بدەم کە کەراماتێک...... یا کارێکی ڕۆحانی لە کایەدا بووبێت...... چونکە من باوەڕم بەو شتانە نییە!...... بەڵکوو پرۆسێسێکی میکانیکیی بێ بیرکردنەوە بوو...... دانیشتبووم و لەپەسادا، جار لە دوای جار، لاساییی ئیمزا جوانەکەم دەکردەوە...... بێگومان مەبەستم ئەوە نەبوو دەستکەوتێکم هەبێت. کە نامەکەم هەموو بەو شەڕەپشیلەیە ڕەش کردەوە، توانستێکی تەواوم وە دەست هێنابوو، کە ئیمزاکە وەک خۆی بکەم...... (پێنووسەکە تووڕ دەدات)...... ئیدی هەموو ئەو شتانەم لە بیر چوونەوە. شەوێ چاک بۆی نووستم...... کاتێ کە وە ئاگا هاتم، وام هەست دەکرد خەونێکم بینیوە، بەڵام نەمدەتوانی خەونەکە بهێنمەوە بیری



خۆم؛ جاروبار وا پێ دەچوو وەکوو دەرگایەک درزێکی تێ کەوتبێت و منیش مێزی نووسینەکە و قەرزنامەکەم وەک خەیاڵێ بێتە پێش چاو...... کە ڕاست بوومەوە بەرەو مێزەکە بۆی کشام هەر بە تەواوی وەکوو بڵێی لە پاش ڕاوێژێکی تێروتەسەل بڕیاری بێگەڕانەوە و بێ ئەملاوئەولای ئەوەم دابێت لە بن پارچەکاغەزی کاریگەر و چارەنووسسازدا ئیمزاکەی بۆ بکەم. هەرچی بیر هەیە لەبارەی ئەنجام، لەبارەی ترکزەوە نەمابوو...... ئەوەی دوودڵییە لە ئارادا نەبوو...... هەر دەتگوت ئەرکێکی گەورە و گرانم بە جێ هێناوە...... ئیتر نووسیم!...... (ڕادەپەڕێت)...... دەی ئەمە چی بوو؟ بیرێکی ڕاگوزار بوو؟ یا جادوویەک بوو لێم کرابوو؟ بەڵام کێ جادووم لێ دەکات؟ من خۆم بەتەنیا لەو ژوورەدا دەنووستم! تۆ بڵێی دەروونی ناشارستانیم بووبێت، ئەو دەروونە کێوییەی کە پەیمان و مەیمان هەر نازانێت، لەو دەمەدا کە هۆشیاری و ئاگاییم نووستووە، بە خۆی و ویستی تاوانکارانەیەوە، بێ ئەوەی عەقڵی پێ بشکێت کە بیر لە ئەنجامی کاروبار بکاتەوە، خۆی دەرخستبێت؟ دە بڵێ دەی، تۆ ئەو شتە چۆن دەبینیت؟

میم (ئەم قسانە بە زەحمەت هەڵدەهێنجێت)

قسەی ڕاستت دەوێت، بەم چیرۆکەی تۆ بەتەواوی دڵم ئاو ناخواتەوە. قسەکانت کون و کەلەبەری زۆریان تێدا بوون، بەڵام

لەوەشە هیی ئەوە بێت کە تۆ ئێستاکە هەموو شتێکت بە وردی لە بیر نەماوە...... من بۆ خۆم لەمەڕ بیری تاوانکارانە یەکدوو شتێکم خوێندۆتەوە...... ئەگەر بێتەوە بیرم...... هم م م م...... بەڵام گرنگ نییە...... تۆ هەڵەکەت ڕاست کردۆتەوە...... ڕووی ئەوەت هەیە پێ لە تاوانەکەت بنێیت. بەسە با ئیتر باسی ئەمە نەکەین!

**نوون:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، دەبێ زێدەتر باسی لێوە بکەین؛ هێندەی باس دەکەین هەتا لە بێتاوانیی خۆم بەتەواوی ئاگادار دەبم.

**میم:** بۆ هێشتا ئاگادار نیبیت؟

**نوون:** نەخێر، ئاگادار نیم.

**میم:** بەڵێ، چاوت لێیە، ئا ئەمەیە نیگەرانم دەکات! ئا ئەمەیە نیگەرانم دەکات!...... تۆ باوەڕ ناکەیت، کە هەموو مرۆڤێک فەرمانی بەدبەختیی بەسەردا دراوە. ئەی هەر هەموومان بە منداڵی دزیمان نەکردووە و درۆمان نەکردووە؟ بەڵێ، بێگومان. ئەوجا خەڵکی وا هەن، بە هەموو ژیانیان هەر بە منداڵی دەمێننەوە و ناتوانن ئارەزووی نارەوای خۆیان دابین بکەن و بەرێوەی ببەن. هەر تەنیا هەڵێک هەڵکەوێت، ئیتر تاوانکارەکە ئامادەیە!...... بەڵام من تێناگەم، چۆنە کە تۆ خۆت بە بێتاوان نازانیت! ئەگەر وا دابنرێت منالّ کرداری بە دەست خۆی نییە و لێیی بەرپرسیار نییە، دەبوو تاوانکاریش هەر وا



حیسابی بۆ بکرێت.

سەیرە...... بەڵێ، فەرق ناکات، لەوانەیە پاشان لێی پەشیمان ببمەوە......

(وچانێک)

من زەلامێکم کوشتووە، بەڵێ، من، ویژدانیشم هەرگیز ئازاری نەداوم!

**نوون** (قسەکە یەکجار زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت)

تۆ؟......

**میم:** بەڵێ، بەڵێ من!...... ڕەنگە نەتەوێت تەوقە لەگەڵ پیاوکوژێکدا بکەیت؟!

**نوون** (بە دڵخۆشییەوە):

ئاااه، ئەو قسانە چین!

**میم:** ئا، ئاخر سزا نەدراوم!

**نوون** (بە شێوەیەکی دۆستانە و بە ورەی بەرزەوە)

ئەو چاکترا...... دەی چۆن خۆتت ڕزگار کرد؟

**میم:** نە مووددەعی هەبوو، نە گومانێک لە ئارادا هەبوو، نە شایەتیش. بەراستی شتەکە ئاوها بوو....... دۆستێکم بۆ جەژنی کریسمەس بانگی کردبووم بچین لەو دەشتی ئوپسالایە ڕاو بکەین. کابرایەکی پیری هەژاری ئارەقخۆری بۆ ناردبووم، لەسەر تەختی گالیسکەکە خەو دەیبردەوە، لە باتیی ئەوەی لە

دەروازەوە بچێتە ژوورەوە، بە گالیسکەکەوە دەیکێشا بە ستوونی ئەمبەر و ئەوبەری دەروازەدا، لە ڕێگادا دەچەقییە ناو چاڵ و چۆڵ. من نامەوێ ئۆباڵی ژیانی کەس بگرمە ئەستۆ، بەڵام لە گەرمەی هەڵچوون و کەمحەوسەڵەییدا شەپازلەیەکم پیا کێشا، تا وە ئاگای بێنم، کەچی بەوە شکایەوە، کابرا ئیتر جارێکی تر وە ئاگا نەهات، بەڵکە دەمودەست مردبوو!

**نوون** (بە فێڵبازییەوە):

دەی، دەی، خۆیشت نەدایە دەستەوە؟

**میم:** نا، لەبەر ئەم هۆیانەی ئێستا باسیان دەکەم. کابرا کەسوکاری هیچ نەبوو، کە ژیانی بۆ ئەوان پێویست بێت، بەهاری ژیانی بەسەر چووبوو، دەکرا جێگاکەی هەر دەمودەست بە یەکێک پڕ بکرێتەوە کە زیاتر پێویستی پێ بێت؛ لە لایەکی دیکەشەوە من بۆ بەختیاریی دایکوباوکم پێویست بووم، هەروەها بۆ خۆیشم و بگرە بۆ عیلم و زانستیش پێویست بووم. بە هۆی ئەنجامی شتەکەوە من ئیتر ئارەزووی شەپازلە دابەشینەوەم نەمابوو، هەر بۆ ئەوەی کە داد و عەدالەتی ڕووتیشم بە جێ هێنابێت، حەزم نەدەکرد ژیانی دایکوبابم و هیی خۆیشم تێک بدەم.

**نوون:** ئاوها، ئا بەم شێوەیە تۆ نرخی مرۆڤ هەڵدەسەنگێنیت؟

**میم:** لە هەلومەرجی ئاوهادا، بەڵێ!



**نوون:** بەڵام ئەی هەستی گوناهباری، ئەی ویژدان؟

**میم:** من هیچ هەستم بە گوناهباری نەدەکرد، چونکە من تاوانێکم نەکردبوو. بە منداڵی هەم شەپازلەم لێ درابوو، هەم خۆیشم شەپازلەم لە خەڵکی دابوو، بەڵام تەنیا چونکە ناشارەزا بووم، نەمدەزانی شتی ئاوها چۆن کار دەکاتە سەر خەڵکی بەتەمەن، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەنجامەکە بە مردن بشکێتەوە.

**نوون:** بەڵێ، بەڵام بۆ کوشتنی لەدەست دەرچوون، سزاکەی تا دوو ساڵە...... ڕێک ئەوەندەی سزای ئیمزایەکی ساختە.

**میم:** ئەوجا باوەڕ بفەرموو، من بیرم لەوەش کردۆتەوە! زۆر شەو خەونم دەبینی کە لە زینداندام! ئاااه! ئەرێ بەڕاست وەک دەڵێن، هێندە زەحمەتە پیاو لە زیندانا بێت؟

**نوون:** بەڵێ، زەحمەتە....... جارێ لە پێشا ڕەنگوڕووت ناشیرین دەشێوێنن و سەرت پاک دەتاشن، بە جۆرێ کە ئەگەر پێشتریش لە تاوانکار نەچووبیت، ئیتر ئێستا لە تاوانکار بچیت. کە تەماشای ئاوێنەیەکیش دەکەیت، باوەڕ دەهێنیت کە چەتە و جەردەیت!

**میم:** وا دیارە ئەوە دەمامکە، دایدەڕێنن! کارێکی هێندەش خراپ نییە!

**نوون:** ڕادەبوێریت!...... ئەوجا خۆراکەکەت کەم دەکەنەوە، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێک و هەموو سەعاتێک هەست بە جیاوازییەکی

ئاشکرا لەنێوان ژیان و مردندا بکەیت! هەموو ئاکارێکی ژیان
لە کار دەخرێت، هەست بە خۆت دەکەیت چۆن دەچیتە ئاو و
کرژ دەبیتەوە. ئەو گیانەت کە دەبێ لێرە تیمار بکرێت، بەوە
چاک دەکرێتەوە کە برسیت بکەن و هەزار ساڵ بۆتی
دەگەڕێننەوە دواوە؛ تەنیا نووسراوگەلێ دەتوانیت بخوێنیتەوە،
کە بۆ دڕندەکانی سەردەمی کۆچی گەلانی جەرمەنی نووسراون،
تەنیا دەنگوباسی شتانێک دەبیستیت، کە هەرگیز بە
ئاسمانیشدا تێناپەڕن؛ بەڵام ئەوەی لەم سەرزەوییە ڕوو
دەدات، ئەوە دەبێتە نهێنێک. لە دەوروبەرت هەڵدەکەنرێیت،
لە چینی خۆت دەهێنرێیتە خوارەوە، دەکەویتە ژێر ئەوانەوە کە
لە ژێر تۆوەن. دیمەنی وا دەبینیت وا بزانیت لە سەردەمی
برۆنزدا دەژییت، وا هەست دەکەیت وەک بڵێیی چوویتەتە
پێستی ئاژەڵەوە، لەناو ئەشکەوتدا دەژییت و لە ئاخوڕدا
خواردن دەخۆیت. ئاخ!

**میم:** بەڵێ، بەڵام ئەمە عەقڵێکی تێدایە، چونکە ئەوەی وا
هەڵسوکەوت بکات، وەک ئەوەی لە سەردەمی برۆنزدا دەژی،
دیارە دەبێ لە بەرگی مێژوویی خۆیشیدا بژی.

**نوون** (زۆر بە تووڕەییبیە):
تۆ قەشمەری دەکەیت! تۆ کە دەڵێیی مرۆڤی سەردەمی بەردیت و
پەیدا بوویتەتەوە! کەچی لە سەردەمی زێڕدا دەژییت.



**میم** (بە توندوتیژی و بە وردبوونەوەوە)
ئەو وشەیەی دوایی مەبەستت چی بوو؛ سەردەمی زێڕ؟

**نوون** (بە فێڵەوە):
هیچ!

**میم:** درۆ دەکەیت، چونکە تۆ ئەوەندە ترسنۆکیت ناوێریت ئەوەی لە
دڵتدایە بیهێنیتە سەر زمان!

**نوون:** من ترسنۆکم؟ تۆ وا دەزانیت من ترسنۆکم؟ من ترسنۆک
نەبووم، کە وێراومە و لەم ناوە پەیدا بووم، کە مەگەر هەر خۆم
بزانم چەندم ئازار تێدا چێشتووە....... بەڵام دەزانیت پیاو کە
لە ژوورەوەیە، پتر بە چی ئازاری دەگاتێ؟...... پیاو ئەو داخەی
لە دڵدایە کە خەڵکەکەی دیکەش لە ژوورەوە نین!

**میم:** خەڵکی دیکە کامانەن؟

**نوون:** ئەوانەی سزا نەدراون!

**میم:** ئەمەیە دەڵێن بووکێ بە تۆمە و خەسوو گوێت لێ بێت.
مەبەستت منە؟

**نوون:** ئا!

**میم:** من هیچ تاوانێکم نەکردووە!

**نوون:** ئاوهاااا، نەتکردووە؟

**میم:** نا، ڕووداو تاوان نییە!

**نوون:** جوانە، کەواتە ئەگەر یەکێ بکوژیت، ئەمە ڕووداوە؟

**میم:** من کەسم نەکوشتووە!

**نوون:** ئاوهاااا، کەواتە ئەوە کوشتن نییە، ئەگەر لە زەلامێ بدەیت و گیانی دەرچێت؟

**میم:** نا، هەموو کاتێ وا نییە! کوشتن هەیە، کوشتنی لە دەست دەرچوون هەیە، دەستوەشاندنێ کە ئەنجامەکەی مردن بێت، کە هەندێ وردەبەشی، بە مەبەست و بێ مەبەستە. بەهەرحاڵ...... من ئێستاکە بەڕاستی لێت دەترسێم...... چونکە تۆ سەر بە خەتەرترین بەشەکانی مرۆڤیت...... بێمێشکەکان!

**نوون:** ئاهاا، تۆ پێت وایە من کەرم! گوێت لێ بێ! دەتەوێ بەڵگەیەکت بدەمێ کە من زۆر ژیرم؟

**میم:** دەی با گوێمان لێ بێت!

**نوون:** پێی لێ دەنێی کە من ژیرانە، واتە بە مەنتیق و بە لۆگیک، گوتوبێژ دەکەم، کە ئاوا دەڵێم؟

تۆ تووشی ڕووداوێک بوویت، کە لەوانە بوو ببێتە هۆی ئەوەی دوو ساڵ بەند بکرێیت. هەر بە تەواوییش لەو سزا ئاوڕووبەرە ڕزگارت بووە. ئێستا ئا لێرەدا پیاوێ دانیشتووە...... کە بوو بە قوربانیی ڕووداوێک...... بیرێکی ڕاگوزاری نائاگایانە...... و دوو ساڵی ڕەبەق سزای زیندانی چێشت. ئەم پیاوە مەگەر تەنیا بە هۆی بەڵگەی گەورە گەورەی زانستانەوە بتوانێت ئەو پەڵەیە بسڕێتەوە، کە بەبێ ویستی خۆی پێوەی لکاوە......



بەڵام بۆ ئەوەی ئەم بەڵگانەی دەست بکەوێت دەبێت پارەی هەبێت...... پارەیەکی زۆر...... دەبێ هەر زوویش، دەمودەست ئەو پارەیەی چنگ بکەوێت!

پێت وا نییە کابرای دیکە...... ئەوی سزانەدراو، دوو تای تەرازووی پێوەندیی مرۆڤایەتیی دەهێنایە بەرانبەر یەک، ئەگەر بەوە حوکم بدرایە کە خوێنباییەکی باش بدات؟ تۆ وای نابینیت؟

**میم** (لەسەرخۆ):

بەڵێ ێ ێ ێ!

**نوون:** ئێ، کەواتە ئێمە لە یەکدی دەگەین!...... هم م م م!

(وچانێک)

بە لای تۆوە چەند ئەقڵگیرە؟

**میم:** ئەقڵگیر! قانوون دەڵێ کە خوێنبایی دەبێ بە لای کەمەوە پەنجا کرۆن بێت. بەڵام کە کابرای مردوو خزم و کەسوکاری هیچ نییە، هەر باسوخواسێک لەم بارەیەوە بکرێت بێبایەخە.

**نوون:** ئاهاه، تۆ ناتەوێ تێبگەیت! کەواتە من ئاشکراتر قسە دەکەم: تۆ دەبێ خوێنباییەکە بدەی بە من.

**میم:** من قسەی وام هەرگیز نەبیستووە، پیاوکوژ خوێنبایی بدا بە ساختەکار...... بێجگە لەوەش لەم مەسەلەیەدا کەس موددەعی نییە!

نوون: کەس؟...... چۆن...... ئەی من چیم!

**میم:** تازە خەریکە شتەکە ڕوون ببێتەوە!...... داوای چەند دەکەیت تا تۆش ببیتە هاوتاوانی ئەم کوشتنە؟

**نوون:** شەشهەزار کرۆن!

**میم:** زۆر زۆرە!...... جا لە کوێی بێنم؟

**نوون** (پەنجە بۆ سنووقەکە ڕادەکێشێت)

**میم:** نامەوێ! نامەوێ ببمە دز.

**نوون:** خۆتمان لێ مەگۆڕە. دەتەوێ ببەیتە مێشکمەوە کە گوایە ورگی سنووقەکەت هەڵنەدڕیوە؟

**میم** (وەکوو لەگەڵ خۆیدا قسە بکات):

چاوت لێ بێت! لەوانە بوو من بە تەواوی بکەوتمایەتە ناو هەڵەوە! بەڵام کاری خەڵکی نەرم ئاوایە! پیاو خەڵکی تەبیعەتنەرمی خۆش دەوێت و هەر سووک و هاسان وا دەزانێت خەڵکیش ئەمی خۆش دەوێت: هەر لەبەر ئەوەشە هەمیشە وریای ئەو کەسانە بوومە کە خۆشم ویستوون!...... ئاهاااااه، کەواتە تۆ لەو بڕوایەدایت من پێشتر لەو سنووقەم دەرهێناوە!

**نوون:** بەڵێ، بێگومان!

**میم:** ئێستاش شەشهەزار کرۆن وەرنەگریت، خەبەرم لێ دەدەیت و دەمدەیتە دەستەوە؟

**نوون:** بڕیاری یەکجارەکی! ڕزگاربوونت بۆ نییە، ئەوەندەش ناهێنێ



هەوڵی ڕزگاربوون بدەیت!

**میم:** تۆ پێت وایە من دەمەوێت دزێک کوڕی باوکم بێت، دزێک باوکی منداڵەکانم بێت و دزێک هاوکار و هاودەمی دۆستەکانم بێت! خوا نەکات، هەرگیز شتی وا ڕوو بدات!...... ئێستاکە دەچم بۆ لای کەلانتەر و خۆم دەدەمە دەستەوە!

**نوون** (ڕادەپەڕێت و شمەکەکانی خڕ دەکاتەوە.):

یەک تۆز چاوەڕێ بکە!

**میم:** چاوەڕێی چی بکەم؟

**نوون** (قسەی پچڕپچڕ دەکات)

وتم هەر...... ئەگەر من ئیدی پێویست نیم...... پێویست ناکات من لێرە بم و...... ڕەنگە بتوانم بڕۆم!

**میم:** نەخێر ناڕۆی!...... دەی لە جێگاکەی خۆتدا، لای مێزەکەوە دانیشەوە، لە کوێ دانیشتبوویت هەر لەوێ، دەبێ جارێ پێشەکی هەندێ قسان بکەین.

**نوون** (دادەنیشێت، ڕۆبێکی ڕەش لەبەردەکات):

چی، ئێستاکە چی ڕوو دەدات!

**میم** (تەماشایەکی ئاوێنەکەی پشت میستەر نوون دەکات):

ئێستا بۆم ڕوون بووەوە! ئاااههها!......

**نوون** (بە نیگەرانییەوە):

تەماشای چی دەکەیت، هیچی سەیر و سەمەرە هەیە؟

**میم:** لە ئاوێنەکەدا دەبینم، کە تۆ دزیت...... دزێکی ساکار و ئاسایی!...... تۆزێ لەمەوپێش کە لە تویی کراسە سپییەکەدا دانیشتبووی، تەنیا سەرنجی ئەوەم دا کە شتێک لە ڕەفەی کتێبەکانما نارێکە، بەڵام نەمدەزانی چییە، چونکە دەبوو قسەت لەگەڵ بکەم و چاودێریت بکەم. ئێستا کە لێم بووی بە دوژمن، چاوم تیژتر بوو، لەوەتی ڕۆبە ڕەشەکەشت لە بەر کردووە، کە ڕەنگەکەی لەگەڵ ڕەنگی سووری کتێبەکەدا ناگونجێت، کە پێشتر بەهۆی قایش و قوورووشە سوورەکەوە نەدەبینرا، دەبینم کە لەبارەی چیرۆکی ساختەکارییەکەی خۆتەوە شتت خوێندووەتەوە لەو تێزەی (بێرنهایم)دا لەمەڕ بیری ڕاگوزار و کتێبەکەت سەرەوخوار خستۆتەوە جێگەکەی خۆی. واتە تۆ ئەو چیرۆکەشت دزیوە!

لەبەر ئەوە وای دادەنێم کە من مافی ئەوەم هەیە بگەمە ئەو ئەنجامەی کە تۆ تاوانەکەتت لەبەر پێویستی یا لەبەر چێژوەرگرتن کردووە!

**نوون:** لەبەر پێویستی! ئەگەر تێبگەیشتیتایە......

**میم:** ئەگەر تێبگەیشتیتایە لە چ تەنگانەیەکدا ژیاوم و...... دەژیم! بەڵام ئەمە جێگەی ئەو باسە نییە...... لەوەش بترازێ، ئەوە ئاشکرایە...... کە تۆ لە ژوورەوە بوویتە، بەڵام ئەوە لە ئەمەریکا بوو، چونکە ئەوەی تۆ گێڕاتەوە باسی ژیانی بەندیخانەی



ئەمەریکا بوو؛ هەروەها شتێکی دیکەش تا ڕادەیەک ئاشکرایە؛ تۆ لەبەر سزاکەی ئێرەت بەند نەکراویت.

**نوون:** چۆن دەتوانیت وا بڵێیت؟

**میم:** ڕاوەستە هەتا ئاغای کەلانتەر دێت، ئەودەم تێدەگەی!

**نوون** (هەڵدەستێتە سەر پێ)

**میم:** چاوت لێیە! کە یەکجار ناوی کەلانتەرم هێنا لەگەڵ باسی هەورەتەرەشقەکەدا، ئەو جارەش ویستت بۆی دەرچیت! ئەگەر زەلامێک لە بەندیخانەیەکدا بەند کرابێت، قەت نایەوێ هەموو ڕۆژێ بچێتە لای هەورازی پشت ئاشەکە و تەماشای بەندیخانەکە بکات، یا لە پشت شووشەی پەنجەرەوە ڕاوەستێت......

با کورت و کرمانجی بیڵێم: تۆ هەم سزا دراویت و هەم سزاش نەدراویت! هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەوەندە زەحمەت بوو پیاو لە تۆ بگات!

(وچانێک)

**نوون** (بەتەواوی وڕ بووە):

ئێستا دەتوانم بڕۆم؟

**میم:** ئێستا دەتوانیت بڕۆیت!

**نوون** (شمەکەکانی خڕ دەکاتەوە):

ڕکت لێمە؟

**میم:** ئا!...... هێشتاش وا دەزانیت بەزەییم پێتا دێتەوە!

**نوون** (بە ڕکەوە):

بەزەیی؟ بۆچی تۆ خۆت لە من بە چاکتر دەزانی؟

میم: بێگومـان وا دەزانم، چونکە من لە تۆ چاکتـرم! من لە تۆ عاقڵترم و بۆ مافی گشتیی خاوەنایەتییش لە تۆ بەسوودترم.

**نوون:** ئەدی، تۆ بەش بە حاڵی خۆت ژیریت، بەڵام ئەوەندەی من ژیر نییت! من خـۆم لەناو شـەترەنجـدام، بەڵام تۆ لە یارییـەکـەی دیکەدا لەوەیە کش و مات بیت...... بەهەرحاڵ.

**میم** (میستەر نوون ڕادەگرێت):

هەمدیس تێکی بدەینەوە؟...... ئێستا دەتەوێت ناپیاویی چی بکەیت؟

**نوون:** ئەوە نهێنی خۆمە.

**میم:** دەکـرێ تەمـاشـایەکت بکەم؟...... تۆ بیـر لەوە دەکـەیتـەوە نامەیەکی بێناو بۆ ژنەکەم بنووسیت و باسی نهێنی منی تێدا بکەیت.

**نوون:** بەڵێ وایە، ناشتـوانیت نەهێـڵێت! بەندکردنە، ناوێری بەندم بکەیت، کەواتە دەبێ بهێڵی بڕۆم، ئێ خۆ هەر کە ڕۆیشتیشم دەتوانم هەرچییەکم بوێت بیکەم!

**میم:** ئاخ، شەیتانی مەلعوون! جەرگت ئەنگاوتم...... دەتەوێ بەزۆر بمکەیتە پیاوکوژ؟



**نوون:** تۆ ناتوانی ببیتە پیاوکوژ...... قوڕت بە سەر!

**میم:** چاوت لێیـە، خـەڵـک وەکـوو یەک نین! تۆ لە چاوی خـۆتەوە شتـەکـە دەبینیت، کە مـن ناتوانم وەکوو تۆ خراپە بکەم؛ لەبەر ئەوەیە تۆ باڵادەستیت. بەڵام بیهێنە پێش چاوی خۆتدا، ئەگەر ناچارت بکردمایە چیم بە کـابرای گـالیسکەڕان کـرد، بە تۆشم بکردایە!

(دەسـتی بەرز دەکـاتەوە وەک بڵـێی بیـەوێ شـەپازلە بوەشێنێت.)

**نوون** (زەق زەق دەڕوانێتە ناوچاوانی میستەر میم):

تۆ ناتوانیت! ئەوەی نەتوانێت بەشی ڕزگـاربوونی خـۆی لە سنووقەکە دەربهێنێت، ناتوانێ دەستیش بوەشێنێت!

**میم:** کەواتە تۆ لە باوەڕەدا نییت، کە لە سندووقەکەم دەرهێناوە؟

**نوون:** تۆ زۆر ترسنۆک بوویت! هەر وەک زۆریش ترسنۆک بوویت و نەتتوانی بە ژنەکەت بڵێی، کە شووی بە پیاوکوژێک کردووە.

**میم:** تۆ جـۆرە مـرۆڤـێکی دیکەیت، لە بابەتی مـن نیـیت...... بەهێزتریت یا بێهێزتریت...... ئەوەیان نازانم...... تاوانکارتریت یا نە...... کـارم بەوەشیـان نییـە! بەڵام ئەوەی کـە تۆ بێمێشکتریت، ئەوەیان قسەی لەسەر نییە، چونکە تۆ کەر بووی کە ئیمزای یەکێکی دیکەت کرد لەباتیی ئەوەی بچیت دەرۆزە و سواڵ بکەیت، وەک من کە ناچار بووم بیکەم؛ تۆ کەر

بوویت چوویت لە کتێبەکەی منت دزی...... نەتدەتوانی تێبگەیت، کە من کتێبەکانی خۆمم خوێندوونەتەوە؟...... تۆ کەر بووی، کە وات دەزانی لە من فێلّبازتریت و دەتوانیت کڵاو بکەیتە سەرم و بمکەیتە دز؛ تۆ کەر بووی وات دەزانی هاوتایی و یەکسانی بەوە پەیدا دەبێت کە ئەم دنیایە لەباتیی یەک دز، دوو دزی لێ زیاد ببێت، کەرێتیی هەرە گەورەیشت ئەوە بوو، کە پێت وا بوو، من چووم و بەختیاریی ژیانی خۆمم هەر وا ڕۆناوە، بێ ئەوەی بەردی بناخەکەیم سفت و قایم دانابێت! بڕۆ هەر نامەی بێناو بۆ ژنەکەم بنووسە و بڵێ شووەکەت پیاوکوژە...... ئەو هێشتا دەزگیرانم بوو ئەوەی دەزانی!

ئێستا ئیدی ملت دەشکێنی؟

**نوون:** دەتوانم بڕۆم؟

**میم:** ئێستا دەبێ بڕۆی! دەی زوو!...... شمەکەکانت پاشان دێن! بۆ دەرەوە!

# کتێبە چاپکراوەکانی دەزگا

١ – جوگرافیای کوردستان

٢ – نەژادی کورد

٣ – باڵە سیاسییەکان لە ئێران

٤ – کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی مووسڵ

٥ – اربیل ٨٨ هەولێر ٩٩

٦ – جمعیة خویبون

٧ – امارة بابان

٨ – امارة بوتان

٩ – امارة بادینان

١٠ –جیهانگیری

١١ – حقوق الانسان والمجتمع المدنی بین النظریة والتطبیق

١٢ – الفدرالیة وامکانیة تطبیقها في العراق

١٣ – تەقریرستان

١٤ – شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا

١٥ –کردستان – في القرن الثامن الهجري

١٦ – فەرهەنگی لێک حاڵی بوون

١٧ – فەرمانڕەوایانی قۆچ زێڕین – لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک

١٨ – ئەودیوی مەرگ



١٩ – فریدریک نیتشە

٢٠ – چەند بابەتێکی ڕێزمان و زمان

٢١ – ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

٢٢ – ئینسکلۆپیدیای ئابووریی

٢٣ – دیموکراسی چییە؟

٢٤ – ئەو پڵنگانەی لە تەک مندا غاریانداوە

٢٥ – کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی – فارسی

٢٦ – لوڕ و لوڕستان

٢٧ – مناڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد

٢٨ – شۆڕشی دەرسیم

٢٩ – ماکیاڤیلی

٣٠ – الشدادیون في بیلاد اران